زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کاریگەری ململانێی سیاسی لەسەر پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان

## ( کابینەی نۆیەم وەک نموونە )

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشکەشی بەشی سیستەمە سیاسیەکان وسیاسەتی گشتی کراوە، وەک بەشێک
لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە سیستەمە
سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی


ئامادەکردنی لە لایەن:

**هولیا جوهر زادو**

بەسەرپەرشتی:

**م.هۆگر ئیبراهیم حەکیم**


2022-2023

" پارتێکی ڕێکوپێک یان سەقامگیر، پارتێکی پێشکەوتوو یان چاکساز، هەردووکیان توخمێکی پێویستن بۆ دۆخێکی تەندروست لە ژیانی سیاسیدا "

(( جۆن ستیوارت میل John Stuart Mill )).

# پێشکەشە بە

- بە ئەندامانی خێزانەکەم بە تایبەت دایکم و باوکم  کە وایان کردووە من بگەمە ئەم قۆناغە.
- سەرجەم فێرخوازن، بە تایبەت فێرخوازنی زانستە سیاسیەکان، و کۆمەڵگا هیوا خوازەکەی کورد بۆ پێشکەوتن.

## سوپاس و پێزانین

- بۆ خێزانەکەم، کە زۆر پاڵپشت و یارمەتیدەرم بوون.
- بۆ سەرجەم مامۆستایانی هاوکارم بوونە لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە.

# لیستی ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 3-1 |
| بەشی یەکەم : دەروازەیەکی تیۆری | 4 |
| 1-1 چاکسازی (ڕیفۆرم) لەرووی چەمک و زاراوەوە | 4 |
| 1-1-1- چاکسازی لەڕووی زمانەوانییەوە | 4 |
| 1-1-2- چاکسازی لەڕووی چەمکەوە | 4 |
| 1-2 جۆرەکانی چاکسازی | 5 |
| 1-2-1 چاکسازی سیاسی | 5 |
| 1-2-2 چاکسازی یاسایی | 6 |
| 1-2-3 چاکسازی ئابووری و دارایی | 6 |
| 1-2-4 چاکسازی کارگێڕی (ئیداری) | 7 |
| 1-2-5 چاکسازی کلتووری و ڕۆشنبیری ( کۆمەڵایەتی) | 7 |
| 1-3 مەرج و پێداویستییەکانی چاکسازی | 8 |
| 1-4 ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازی | 9 |
| بەشی دووەم: دۆخی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان | 11 |
| 2-1 -یەکەم: سیستەمی حزبی و پەیوەندییە حزبییەکان | 11 |
| 2-3 -سێیەم: سروشت و بزوێنەرەکانی ململانێی سیاسی نێوان لایەنەکان | 16 |
| 2-3-1 -یەکەم- سروشتی پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان : | 16 |
| 2-3-4 -چوارەم: لێکەوتەکانی ململانێی سیاسییەکان | 19 |
| بەشی سێیەم: ڕەوشی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان | 23 |
| 3-1 -ڕەوشی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان | 23 |
| 3-1-1- هۆکارەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان : | 23 |
| 3-1-2- جۆرەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان | 26 |
| 3-1-3- کاریگەری و لێکەوتەی گەندەڵی لەسەر هەرێمی کوردستان: | 27 |
| -2- ڕەوشی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان: دەرفەت و بەربەستەکان | 28 |
| 3-2-1- هۆکار و پاڵنەرەکانی چاکسازی | 28 |
| -2-2- هەنگاوە سیاسی و یاساییەکانی چاکسازی | 29 |
| 3-2-2-1- بەرنامەی کابینە نۆیەم بۆ چاکسازی: | 29 |
| 3-2-2-2-هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان: | 32 |

| | |
|---|---|
| 3-2-3- بەرنامەی پەرلەمان بۆ چاكسازی لە هەرێمی كوردستان: | 33 |
| 3-2-3-1- یاسای چاكسازی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٢٠: | 33 |
| 3-2-4- بەربەستەكانی بەردەم چاكسازی لە هەرێمی كوردستان | 34 |
| 3-2-4-1- بەربەستی سیاسی : | 34 |
| 3-2-4-2- بەربەستی ئابووری: | 34 |
| 3-2-4-3- بەربەسەتی یاسایی: | 35 |
| دەرەنجام | 36 |
| لیستی سەرچاوەكان | 37 |

## پێشەکی:

### 1. پێشەکی :

زۆربەی وڵاتانی جیهان لەسەرەتای دروستبوونیانەوە بەچەند قۆناغێکی سەختی جەنگ و ململانێ تێپەڕیوون جا چ بۆ سەربەخۆیی و ڕزگارکردنی هاوڵاتییان بێت یانیش گرتنە دەستی دەسەڵات بێت. هەرێمی کوردستانیش وەک وڵاتان لەم جەنگ و ململانێیانە بێبەش نەبووە، هۆکاری ململانێیەکان زۆرن کە چەندین لێکەوتەشی هەبووە وەک سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە ئەمەش دوو ئیدارەیی لێکەوتەوە، کە تاوەکو ئێستاش شوێنەواری ئەو دوو ئیدارییە ماوە، بەتایبەت لە زیادبوونی گەندەڵی . هەموو ئەمانەش کاریگەری قوڵییان دروستکردووە لەسەر پرۆسەی چاکسازی لە هەموو کابینەکاندا، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم بەربەستانە و چەند بەربەستێکی دیکە کە لەمیانەی باسەکەمان درێژەی پێدەدەین، سەرکردایەتی هەموو کابینەکان تاڕادەیەکی باش توانیویەتی بەردەوامی بدات بە پرۆسەی چاکسازی و کەمکردنەوەی دەست تێوەردانی لایەنەکان. دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە هەرچەندە ململانێیەکان قوڵتر ببنەوە ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی چاکسازی زیاتر دەبن، هەر وەک دەبینین بەتایبەت لە کاتی هەر دانیشتنێکی پەڕلەماندا ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامانی پێکهاتەکان لە پەڕلەماندا زیاتر دەبن، کە نەک تەنها کاریگەری لەسەر پرۆسەی چاکسازی هەیە بەڵکو بێئومێدی خەڵکیشی زیاد کردووە لەهەمبەر حکوومەت، بۆیە تا درەنگتر نەبووە پێویستە ڕێگری لەم ململانێیانە بگیرێت و بەربەستەکان چارەسەربکرێن.

### 2. گرنگی توێژینەوەکە

بەپێی ئەوەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا دەتوانین گرینگی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

1- خستنەڕووی سرووشتی ململانێی لایەنەکان بە تایبەت پارتە سیاسیەکان، لەگەڵ ئەو بەربەست و لێکەوتانەی کە دروستیان کردووە لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان.

2- گەندەڵی و بێئومێدی خەڵک لە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە لە زیادبووندایە بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بایەخدان بە گرنگی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان.

3- ململانێی سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لێکەوتەی گەورەی لەسەر پرسی حوکمرانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بەستنەوەی چاکسازی و ململانێ حزبییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، لە هەمان کات دەروازەیەکیشە بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی.

### 3. ئامانجی توێژینەوەکە

دەکرێت ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوە ئاماژە پێبدەین:

1- تیشک خستنە سەر چاکسازی لەڕووی تیۆریەوە وەک چەمک و زاراوە و جۆر و ..هتد، بۆ ئەوەی لە میانەی باسەکە زیاتر بۆمان ڕوونبێتەوە کە چاکسازی لەڕووی کرەییەوە چییە و چۆن ئەنجامدەدرێت و هۆکار و پاڵنەرەکانی چاکسازی چین لە هەرێمی کوردستان.

2- پیشاندانی پێکهاتەی سیاسی کابینەی نۆیەم و پیلانی بۆ چاکسازی.

3- دەرخستنی سروشتی ململانێی سیاسی و پەیوەدنییەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن وە هەروەها ئەو لێکەوت و ئاستەنگانەی کە دروستیان کردووە لە کابینەی نۆیەم.

4- ئاشکراکردنی ئەوەی کە جگەلە ململانێی سیاسی ئاستەنگی تریش هەن لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی.

5- ئاماژەدان بە تێڕوانینی لایەنە سیاسیەکان بەرامبەر پرۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەم.

6- شیکردنەوەی چۆنیەتی میکانیزمی تێپەڕبوون بەسەر بەربەستەکان.

### 4. پرسیاری توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی:

ئەو ململانێیەیەی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە چۆن کاریگەری کردۆتە سەر پرۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

پرسیاری لاوەکی:

- ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان چ سروشتێکی هەیە؟
- پاڵنەرکانی پەنابردن بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان چییە؟
- تا ئێستا ئەو هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داویەتی بۆ چاکسازی چ جۆرە هەوڵێک بووە؟
- ئایا زەمینەیەکی یاسایی بۆ چاکسازی هەیە ؟
- ئایا لایەنە سیاسییەکان بۆچوونیان سەبارەت بە چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەم چییە ؟
- ئایا کابینەی نۆیەم دەتوانێت بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی چاکسازی لابدات؟

### 5. گریمانەی توێژینەوەکە

وەک وەڵامێکی کاتی بۆ پرسیاری توێژینەوکە دەکرێت بڵێین لە کابینەی نۆیەم ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان نەک تەنها بەربەستی سیاسی دروست کردووە لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەشێوەیەک لێکەوتەی ئابووری و کارگێریشی دروست کردووە.

## 6. میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیە لە بەشی یەکەم سوودمان لە میتۆدی وەسفی-شیکاری وەرگرتووە، بەشێوەیەک لە سەرەتادا بۆ دیاریکردنی دەروازەی تیۆری لەرێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکان، میتۆدی وەصفی بەکاردێنین بۆ ناساندنی ڕەهەندە پەیوەندیدارەکان بە پرۆسەی چاکسازی. پاشان بۆ شیکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان و بەستنەوەی بە پرۆسەی چاکسازی، هەوڵدەدەین میتۆدی شیکاری بەکاربێنین بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە.

## 7. پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام لە چوار بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم دەروازەیەکە بۆ خستنەڕووی چاکسازی لەڕووی تیۆرییەوە، بەشی دووەمیش دۆخی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خراوەتە ڕوو بەتایبەت ئەو دۆخەی کە لایەنە سیاسیەکان دروستیان کردووە، لەبەشی سێیەمی و کۆتاییش تیشکمان خستۆتە سەر چاکسازی لە هەرێمی کوردستان کە چ هەنگاوێک گیراوەتە بەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە و پاڵنەرەکانی چین، دواتر کۆتاییشدا ئاماژەدراوە داوە بە ئاستەنگە سیاسیەکانی بەردەم چاکسازی کابینەی نۆیەم  کە جگە لە ئاستەنگی سیاسی ئاستەنگی ئابووری و یاسایییش هەن و لە کۆتایشدا باسی میکانیزمی تێپەڕبوون لەبەربەستەکان کراوە. لە دوای دەرەنجامیش لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم : دەروازەیەکی تیۆری

### 1-1 چاکسازی (ڕیفۆرم) لەرووی چەمک و زاراوەوە

#### 1-1-1 چاکسازی لەڕووی زمانەوانییەوە:

چەمکی چاکسازی لەڕووی زمانەوانییەوە لەزمانی کوردیدا وشەی ( چاککردن-چاکسازی) بەرامبەر وشەی (الاصلاح)ی عەرەبی بەکارهاتووە. زاراوەی (الاصلاح) وەک محمد عابد الجباری دەڵێت: لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە تاوەکو سەدەی هەژدەهەم، هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکراوە تەنها ئەوە نەبێت کە دژ بە زاراوەی گەندەڵی (الفساد) بەکارهاتووە. چونکە زۆرجار لە هەناوی گەندەڵیدا چاکسازی لە دایکدەبێت، دادوەری و یەکسانیش دەبێتە دروشمیان و بەرگری دەکەن لە دژی زوڵم وە هەروەها تێدەکۆشن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکانی گەندەڵی. گەندەڵیش خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بە مەبەستی دەسکەوتی ماددی بەسوود لە کاتی نائامادەیی دامەزراوەی سیاسی چالاکدا لەتەک لاوازی چاودێری کۆمەڵگەی مەددەنی، هەروەها دەستدرێژیە بۆ سەر ڕیسا بەهاییەکان و پێوەرە ئەخلاقیەکان. (جوندیانی ٢٠١٩، ٨٣).

#### 1-1-2- چاکسازی لەڕووی چەمکەوە:

لە زۆربەی واتاکانی پێشتری چاکسازی بە واتای دووبارە داڕشتنەوە دەهات، ئەم واتایە سیفەتێکی کاردانەوەی هەیە چونکە بە مانای دووبارە کردنەوەی ڕابردوو دێت، سیفەتەکە لە بەکارهێنانی زاراوەی (reformation) لەلایەن پشتیوانانی کەنیسەی پرۆستانت ئاشکرابوو، بەکارهات بۆ وەسفکردنی دامەززراندنەوەی کەنیسەی پرۆستانت لە پێناو گێڕانەوەی فۆرمێکی کۆنتر و پاکتری ئەزموونی ڕۆحانی پێشووتر. بەڵام واتە مۆدێرنەکەی چاکسازی زیاتر بە مانای نۆژەنکردنەوە دێت نەک گێڕانەوە، واتە دروستکردن و داهێنانی فۆرمێکی نوێ لە دژی فۆرمە کۆنەکە. زاراوەی چاکسازی هەمیشە مانای پۆزەتیڤ لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی ئێستا چونکە بەندکراوە بە ئایدیاکانی پێشکەوتن. بۆیە چاکسازی بەوە ناسراوە کە لە دژی شۆڕش دەوەستێتەوە، چونکە چاکسازی پێشکەوتنی وردە وردە و گۆڕان لە نێو بەردەوامیدا دەنوێنێت بەڵام شۆڕش واتای زاڵبوون و شوێن گرتنەوەی سیستەمێکی حکوومەت دەگەیێنێت (هێیوود، ٢٠٠٧، ٥٦٨-٥٦٩).

چەمکی چاکسازی وەکو هەموو چەمکەکانی دیکەی ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستا خاوەن پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن نییە و لەلایەن توێژەرانەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر و جیاوازی بۆ کراوە، کە زۆر جاریش ڕەنگدانەوەی پاشخانی هزری و ڕەهەندی سیاسی و بواری پسپۆڕی خودی توێژەرانە لەناو زانستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. (الموسوعة السياسية) بەم شێوەیە پێناسەی چاکسازی دەکات کە بریتیە لە: ((هەموارێکی ناڕیشەییە لە فۆرمی فەرمانڕەوایی

یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی دەستکاری بنەڕەتەکەی بکرێت. ئەمەش پێچەووانەی شۆڕشە، چونکە ڕیفۆرم جگەلە باشترکردنی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو و باڵا دەست هیچی دیکە نییە)). (جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٤).
لای ( سامویڵ هانتینگتۆن)یش چاکسازی بریتییە لە: (( گۆڕینی بەهاو شێوەکانی ڕەفتارە تەقلیدییەکان و بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی گەیاندن و فێرکردن و فراوانکردنی چوارچێوەی دڵسۆزییە (الولاء) بەشێوەیەک کە سنووری خێزان و گوند و هۆز بەرەو نەتەوە تێپەڕێنێت، لەگەڵ بەعەقڵانیکردنی ستراکچەرەکانی دەسەڵات و پتەوکردنی ڕێکخستنە تایبەتییەکان بە شێوەیەکی فەرمانیی و گۆڕینی پێوەرەکانی دۆستایەتی بە پێوەرەکانی لێهاتوویی و پەسەندگیری دابەشکردنی دەرامەتە ماددی و ڕەمزییەکانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە)). (عومەر عەبولعەزیز)یش پێی وایە چاکسازی پرۆسەیەکی قول و بەردەوامی ژیانە بەمەبەستی هەموارکردن و ئاڵوگۆڕکردن لە بارودۆخ و واقعی هەموو ئەو ڕەهەند و شتانەی ژیان کە بەسەر چوون و ناتەواوی و کەم و کورتیان تێدەکەوێت بۆ بەرەو باشتر و چاکتر. (هەمان سەرچاوە،٨٣).
بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین چاکسازی پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند و فەرمی و وردە وردە و ناڕیشەییە بۆ گۆڕانکاری کردن یان باشتر کردنی پێکهاتەیەکی سیستەمێک جا چ سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت لەپێناو نەهێشتنی بنەما لاسەنگەکان و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاک.

## 2-1 جۆرەکانی چاکسازی

چاکسازی پرۆسەیەکی فرە ڕەهەندە و چەند بوار وجۆرێک لەخۆ دەگرێت، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان دەدەین، وەک:

1-2-1 **چاکسازی سیاسی**: چەمکی چاکسازی سیاسی وەک چەمکەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام زۆرینەی ئەو پێناسانە پەیوەستی دەکەن بەو پانتاییانەی کە دیموکراسی لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو هەیەتی، واتە دەبێت بەرەو ئاڕاستەی دیموکراسی بوون کاری لەسەر بکرێت. هەروەک " محمد سعد " پێی وایە چاکسازی سیاسی بریتیەلە هەستان بە ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ئەرک و میکانیزمەکانی کارکردن و ئامانج و بیرۆکەکانی دامەزراوە سیاسیەکان، ئەمەش لەڕێگەی ئەو میکانیزمە یاساییانەوە دەکرێن کە خودی سیستەمە سیاسیەکە بەردەستی دەخات لە پێناو زیاد کردنی توانست و چالاککردنی سیستەمە سیاسیەکە لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ گۆڕناکارییەکان و بەربەستە (ئاڵینگارە) تازەکان بە بەردەوامی، وە هەروەها باشتر کردنی ئاستی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتەکان بە شێوەیەک ببێتە هۆی زیاد کردنی توانای سیستەمەکە لەسەر بونیاتنانی دیموکراسی. بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە چاکسازی سیاسی پێویستی بە کەشێکی

لەبار و سەقامگیری سیاسی هەیە و لەهەمان کەتیشدا خودی خۆشی پرۆسەیەکی ئارام و لەسەرخۆ و درێژخایەنە.(مجاهدی، ٢٠١٧).

بە گستی دەتوانین بڵێین چاکسازی سیاسی بریتییە لە پرۆسەیەکەی هەمەلایەن و بەردەوام بۆ گۆڕانکاری کردن لە گشت کایەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ لە دۆخێکی سەقامگیر و ئاشتییانە بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و بونیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی و کردنەوەی دەرگا بۆ چاکسازیەکانی دیکە.

**1-2-2- چاکسازی یاسایی:** چاکسازی یاسایی بریتییە لە پرۆسەی گۆڕین و نوێکردنەوەی یاساکان بەجۆرێک کە ڕەنگدانەوەی بەها و پێداویستییەکانی ئێستای کۆمەڵگەی مۆدێرن بێت. چاکسازی یاسایی مۆدێرنکردنی یاسایە، و کاتێک ڕوودەدات کە دەزگاکان و میکانیزمەکانی چاکسازی یاسا پێکەوە کاربکەن بۆ گۆڕینی یاسا بەسەرچووەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگادا بگونجێت، بە تایبەت لە کۆمەڵگایەکدا کە بە خێرایی دەگۆڕێت، زۆر گرنگە کە ڕێکارەکانی چاکسازی یاسایی لە شوێنی خۆیان بن بۆ دڵنیابوون لەوەی یاساکانی ئێستا لەگەڵ ئەو بەها کۆمەڵایەتیەکاندا هاوتەریبن کە کۆمەڵگا هەست دەکات گرنگن. چاکسازی یاسایی پرۆسەیەکی هەمیشەیی یان بەردەوامە و هەرگیز تەواو نابێت، دەبێت یاساکان نەرم و نیان و وەرگر بێت بۆ گۆڕانکاری و وەلامدانەوەی داواکارییەکانی کۆمەڵگایەکی گۆڕاو ، لەپێناو ئەوەی بە دادپەروەرانە و پەیوەندیدار و نوێ بمێنێتەوە. لە سەرووی هەمووشیانەوە دەبێت خزمەت بە پێداویستییەکانی خەڵک بکات. (هەمان سەرچاوە).

**1-2-3- چاکسازی ئابووری و دارایی:** بریتیە لە پرۆسەی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی (جەوهەری) لە سیاسیەتی ئابووری دەوڵەتێکدا بە جێگیر کردنی کۆمەڵێک سیاسەت و ڕێکار و میکانیزم کە لە لەلایەن دەسەلاتی ئابووری دەوڵەت دەگیرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە و ناڕێکیانەی کە لە ناوەخۆ و دەرەوەی سیستەمی ئابووری و دارایی دروست دەبێت وەک کورت هێنانی بودجە، کورتهێنانی تەرازووی بازرگانی، دابەزینی ئاستی بەرهەمداری، لاسەنگی پەیکەری کۆبەرهەمی ناوخۆیی، لاوازی بەشداری کەرت تایبەت، زیاد بوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و...هتد، یان ئەو قەیرانە ئابورییانەی کە ڕوبەڕوی دەوڵەت دەبنەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی سەقامگیری و گەشەی ئابووری زیاتر و ئاستێکی باش لە بژێوی ژیان، و کۆکردنەوە و دابەشکردنی داهات بە یەکسانی بۆ گشت تاکەکانی دەوڵەت و گەرەنتی کردنی داواکارییەکانیان، هەروەها گونجاندنی سیستەم و پەیکەری ئابووری لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێستا و داهاتوودا دووچاری دەبێت. ( حسن،٢٠١٧، ٢٤٣).

**1-2-4- چاكسازی كارگێڕی (ئیداری):** چاكسازی كارگێڕی بریتییە لە گۆڕانكارییەكی هۆشیارانە، كە لە ڕێكخراوێک یان سیستەمێكی كەرتی گشتیدا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی باشتركردنی پێكهاتەی كاركردن یان كوالیتی هێزی كارەكەی. بە بڕوای كایدن "چاكسازی لەسەر ئەو بیرۆكە سادەیە دامەزراوە كە مرۆڤ نابێت چاوەڕێی ڕوودانی گۆڕانكاری بكات بە شێوەیەكی سروشتی بەڵكو دەبێت هەوڵی خێراتر بكات، بە ڕێگەی دەستكرد، پێشكەوتن لە نەزمی جیهانیدا". ( Iain Gow، 2012، 2)

لە كەرتی گشتیدا ئەو ڕەهەندانەی كە بۆ باشتركردن دەكرێنە ئامانج ئاڵۆزترن لەوانەی لە كەرتە ناحكومییەكان هەن، چونكە كەرتە ناحكومییەكان تەنها هەوڵ دەدەن باشتر كار بكەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان و بەرزكردنەوەی بەرهەمهێنانیان (كارایی) بەڵام ڕێكخراوەكانی كەرتی گشتی دەبێ خۆیان بە ڕەهەندە سیاسییەكانی كارگێڕیشەوە گرێبدەن. بەم شێوەیە، لە دەرەوەی ڕەهەندە ئابوورییەكان، چاكسازییەكانی ئیدارەی گشتی دەتوانن بگەنە ئەو ئامانجانەی كە تایبەتن بە باشتركردنی ژیانی گشتی، وەک نەهێشتنی گەندەڵی، زیادكردنی نوێنەرایەتی، پەروەردەكردنی بەشداریكردنی هاوڵاتیان و گروپەكان، و بەرزكردنەوەی لێپرسینەوە و شەفافیەت. (هەمان سەرچاوە، ٣)

**1-2-5- چاكسازی كلتووری و ڕۆشنبیری ( كۆمەڵایەتی):** چاكسازی كۆمەڵایەتی، واتە گۆڕانكاری بۆ باشتر و گەیشتن بە پێشكەوتن و مۆدێرنیزەكردنی كۆمەڵگا. ئەم گۆڕانكارییە لە پێداویستییەكانی هاووڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لەلایەن دەستەبژێرێكەوە. چاكسازی كۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ بزووتنەوەی گشتی، كە ئاراستە دەكرێت بۆ هێنانەدی گۆڕانكارییەكی وردە وردە و هێواش و نا ڕیشەیی واتە بەبێ ئەوەی پێكهاتەی بنەڕەتی كۆمەڵگا بگۆڕێت لە سیستەمی سیاسی و كۆمەڵایەتیی ، لەسەر بنەمای پابەندبوونی بە گۆڕانكاری لەسەر ئیرادەی هۆشیاری ئەندامانی كۆمەڵگا. ئامانج لێی لابردنی ئەو ناهاوسەنگی و گەندەڵییە كە لە كەرتە جیاوازەكانی كۆمەڵگادا باو بووە، و بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی یەكسان و دادپەروەری لەبەردەم یاسادا لە نێوان هەموو ئەندامانی كۆمەڵگا و گروپە جیاوازەكانیدا، و كاركردن بۆ پەرەپێدانی شێوازەكانی بەشداریكردنی هەموو ئەندامانی كۆمەڵگا لە بەرپرسیارێتی و بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی كۆمەڵگا بۆ باشتر، هەروەها بەهرەمەندبوون لە هەموو ئازادییە مەدەنی و سیاسییەكان و مافەكانی مرۆڤ لە كۆمەڵگادا. كەواتە چاكسازی بزووتنەوەیەكە هەوڵ دەدات كۆمەڵگا ڕزگار بكات لەو بەربەستانەی كە ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەركەكانی سیستەمی كۆمەڵایەتی دەكات.(موسوعة مقاتل، ٢٠٢٠) (شمام، ٢٠٠٢، ٢).

**1-3 مەرج و پێداویستییەكانی چاكسازی:**

بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ناوەڕۆکی چاکسازی بە قازانجی هەمووان کۆتایی بێت و بەرەو دیمۆکراسی هەنگاو بنرێت، چاکسازی پێوێستی بە چەند مەرج و پێداویستیەک هەیە. لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ململانێی سیاسی دەکات وەکو بەربەست بەردەم چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لێرەدا زیاتر مەرج و پێداویستیەکانی چاکسازی سیاسی دەخەینەڕوو:

**یەکەم**: چاکسازی ڕاستەقینە پێویستی بە دروستبوونی کۆدەنگی گشتی هەیە لەسەر ئەوەی چ لایەنێکی دامەزراوە سیاسیەکان پێویستی بە هەموارکردن و چاککردنەوە هەیە، و کامەشیان لە پێناو مانەوەی پێویستی بە پارێزگاری کردن هەیە، ئامانج لە کۆدەنگیەکە ئەوەیە پرۆسەی سیاسی پرۆسەیەکی بەرهەمدار بێت و لە سنوورێکی دیاریکراودا کە زۆرجار خواستی دەسەڵاتدارانە نەمێنێتەوە، ئەمەش پێویستی بە دیالۆگ و ڕەزامەندی زۆرینەی جەماوەر و هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگا هەیە. (عبدالسلام،٢٠٠٤).

**دووەم**: پێویستە چاکسازی سیاسی بنەمایەکی فکری و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژییای ڕوونی بۆ دابنرێت کە ئامانج و هەنگاو و ئاسۆییەکانی دیارییکات. (السید، ٢٠١١).

سێیەم: بەرلەوەی پرۆسەی چاکسازی سیاسی پێشنیار بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستە ژینگەی دەرەکی و ناوەخۆیی لەبار بێت بۆ پرۆسەکە، واتە بانگەشەکارانی ڕادەی کاریگەری و بەهێزی کاراکتەرە دەرەکیەکان هەڵبسەنگێنێت و ڕادەی ئامادەیی هێزە جیاوازەکانی ناوەخۆش لەبەر چاوبگرێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێت بارودۆخی ژینگەکە بێ کێشە بێت بەڵکو چاکسازی پێویستی بە بارودۆخێکی نالەبار و نادروست هەیە وەکو لاوازی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی، بەرتەسکی ماف و ئازادییە جۆراوجۆرەکان، بوونی قەیرانی حوکمڕانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. بە کورتی واتە بوونی ئامادەیی ژینگەی دەرەکی و ناوەخۆیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەرانەکان بە گشتی. (عزیز، ٢٠١٠، ٣٦).

**چوارەم**: پێش هەموو شتێک ئامانج لە چاکسازی سیاسی بریتیە لە پێشخستنی بارودۆخی سیاسی و توانادار کردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانییە لەسەر ئاستی باڵای دەوڵەت، ئەم ئامانجەش بە بێ بڕیاردان و بونیاتنانی کلتورێکی سیاسی نوێ و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات نایەتەدی. (جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٥).

**پێنجەم**: پێویستە چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوام بێت، چونکە ئەگەر گۆڕانکارییان لەسەر ئاستی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی کاتی بێت ئەوا ئەکرێت لەهەر ساتەوەختێکدا پاشەکشەی لێبکرێ و پرۆسەکە پەکبخرێت. (المشاقی و علیوی، ٢٠١٢، ٤٩).

**شەشەم**: چاکسازی سیاسی پێویستی بە دامەزراوەگەلێکی بە توانا هەیە بۆ بونیاتنانی پانتاییەکی سیاسی نوێ، بە شێوەیەک بتوانێت پرۆسەی سیاسی لە مەیدانێکی داخراوەوە بگوڕێت بۆ

مەیدانێکی کراوە و شەفاف، بەڵام دەبێت کار بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی بکات نەک دامەزراوە نافەرمی و لاوەکییەکان. (جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٥).

**حەفتەم**: بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارامە و ڕاستەقینە، چونکە بە پێویستیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی وەک ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی یان حزبی، بەڵام دەبێت ڕێگەی ئاشتیانە بگرنە بەر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. (السید، ٢٠١١).

هەشتەم: زۆرێک لە توێژەران جەختدەکەنە سەر چالاککردن و توانادار کردنی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ لێپرسینەوە و چاودێری و دامەزراندن و لادانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا، چونکە ئەمە کرۆکی دیموکراسییە و دەتوانێت کەم و کورتییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن چاکبکاتەوە بە شێوەیەک لە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگادا بێت. (جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٥).

**نۆیەم**: لەبەر ئەوەی حکوومەت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) بە تایبەتی لە سیستەمی پەرلەمانیدا بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردن و دارشتنی پلانی سیاسیەتی گشتی سیستەمی سیاسی و هێزی شەرعی پێویستیشی لەبەردەستە، دەبێت تا ئەو ڕادەیە شەفاف و نەرم بێت کە ئامادە باش بێت بۆ لێپرسینەوەی پەرلەمانی و لەبەرامبەر میدیاشدا کراوە بێت، هەروەها لە هەمووی گرنگتر دەبێت سەرۆک و ئەندامانی ئەم دەسەڵاتە بڕوای تەواویان بە ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی ڕاستەقینە هەبێت. (هەمان سەرچاوە، ٨٥).

دەیەم: بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەددەنی و میدیای سەربەخۆ و لەگەڵ بوونی پێشەنگ و سەرکردەی کارامە و نیشتیمانی ڕاستەقینە. (المیالی، ٢٠١٨).

### 4-1 ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازی

لە باسەکانی پێشوو ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە چاکسازی پرۆسەیەکی سادە و ئاسان نییە بەڵکو ئاڵۆز و فرەڕەهەندە و کاریگەری و لێکەوتی گەورە لەسەر بارودۆخی گشتی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی جێدەهێڵێت، هەر بۆیەش ڕێگر و بەربەستی گەورەی بۆ دروست دبێت کە لەوانەیە نەک هەر بیوەستێنێ، تەنانەت دەتوانرا بە تەواوەتی پەکی بخات. لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو بەربەستانە بخەینەڕوو (کاوانی، ٢٠٢٠) :

**یەکەم**: سنورداری پرۆسەی چاکسازی: زۆرجار چاکسازی بە خواستی لایەنێکی دیاریکراوە، و ڕەزامەندی زۆرینە واتە کۆدەنگی گشتی لەسەر نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی پرۆسەیەکی چاکسازی بەرهەمدار و ناڕوون لەوەی کامە دەمەزراوە پێویستی بە چاکسازی هەیە.

**دووەم**: نەبوونی بنەمایەکی ئایدۆلۆژیایی و ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکان : واتە نەبوونی بنەمایەکی فکری و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژییای ڕوون لەسەر پرسە هاوبەشەکان کە بتوانێت ئامانج و هەنگاوەکانی دیاریبکات.

**سێیەم**: نەبوونی ژینگەیەکی نائامادەباش بۆ چاکسازی: واتە نەتوانایی بانگەشەکارانی پڕۆسەی چاکسازی لە هەڵسەنگاندی ڕادەی کاریگەری و بەهێزی کاراکتەرە دەرەکییەکان و ئامادەیی هێزە جیاوازەکانی ناوەخۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی شکست هێنانی پڕۆسەکە لە کۆنترۆڵ کردنی قەیرانەکاندا کاتێک دەخرێتە بواری جێبەجێکردن.

**چوارەم**: نەبوونی کلتورێکی سیاسی نوێ و توانادار نەکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی : واتە بوونی دامەزراوەی ناکارامە بۆ بونیاتنانی پانتاییەکی سیاسی نوێ و پێشخستنی بارودۆخی سیاسی، کە دەبێتە هۆی ناشەفافی و داخراوی پڕۆسەی سیاسی.

پێنجەم: گۆڕانکاری کاتی: واتە ئەگەر پڕۆسەی چاکسازی بەردەوام نەبێت و بە شێوەیەکی کاتی بێت ئەوا لەوانەیە لەهەر ساتەوەختێکدا بوەستینرێت و لەبارببرێت لەسەر ئاستی پڕۆسەی سیاسی.

**شەشەم**: نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە: کە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ئامراز و ڕێگای ناشەرعی دەگرنەبەر، لەکاتێکدا بە پێداویستیەکەی سەرەکی دادەنرێت بۆ پرۆسەی چاکسازی.

**حەفتەم**: لاری لە کرۆکی دیموکراسی: واتە نەبوونی پەرلەمانێکی چاودێر بەسەر دەسەلاتی جێبەجێکردن، ئەمەش لەبەرامبەردا دەبێتە هۆی بوونی حکوومتێکی ناشەفاف و نائامادەباش بەرامبەر لێپرسینەوەی پەرلەمانی.

**هەشتەم**: سانسۆڕکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن: واتە نەبوونی میدیای سەربەخۆ.

**بەشی دووەم: دۆخی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان**

**1-2 -یەکەم: سیستەمی حزبی و پەیوەندییە حزبییەکان**

حزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ مۆدێرن کردن یان پاشخستنی سیستەمی سیاسی، کۆمەڵگا بەبێ دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخراو مەحاڵە، پێویستی بە دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی ڕێکخراو هەیە بۆ ئەوەی بنەماکانی ژیان و گوزەران ڕێک بخات. دەزگاکانی دەوڵەت کە سیستەمە سیاسیەکە پێکدەهێنن وەک پەرلەمان وحکوومەت و دادوەری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن تێیدا. لێرەشدا حیزبی سیاسیش گرنگ و پێویستە بۆ سیستەمی سیاسی کە بریتیە لە شێوازێک بۆ بەیەکەوە گرێدان و بەستنەوەی گشت پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگا. هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ و ڕۆڵی بەڕێوەبردن دەگرێتە ئەستو لەڕێگای ئەو یاسایانەی هەن لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاییەکی سیاسی پەیڕەوکراودا. چاکسازی کردنی سیستەمی سیاسی بەر لەهەر شتێک پێویستی بە چاکسازی کردنی حزب هەیە چونکە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت بۆ مۆدێرن کردنی سیستەمی سیاسی.( سالار، ٢٠١٤، ٣١ – ٣٢ ).

لەبەر ئەوەی حزبە سیاسیەکان بزوێنەری پرۆسەی سیاسین و بەبێ حزبی سیاسی ئەستەمە سیستەمی سیاسی دیموکراسی بەردەوام بێت. لە هەرێمی کوردستان حزبە سیاسیەکان کاریگەری یەکەمیان هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی و یەکلایی کردنەوەی پرسە سیاسیەکان. ئەگەرچی حزبی سیاسی لەسەرەتای ساڵانی ١٩٢٠ەوە لە باشووری کوردستان دامەزراون و دەستیان بە چالاکی کردووە، بەڵام بە دیاریکراوی لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦ەوە بەشێوەی ڕێکخراوتر و بەهێزتر کاریگەر و ڕۆڵیان هەبووە لە ڕووداوە سیاسیەکان و لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە تاوەکو ئێستا بە بەهێزترین فاکتەری جوڵاندنی سیستەمی سیاسی دادەنرێن لە هەرێم، بەتایبەت لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەندی ناوەندی عێراق لە هەرێمی کوردستان، ئەم پارتانە ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە لە بەڕێوەبردنی هەرێم. بەڵام ئاشکرایە دەستتێوەردانی حزبی سیاسی لە کاروبارە فەرمیەکان لە ڕادەبەدەرە ئەم کارە، لەبەر ڕۆڵە کاریگەرەکەی ئەم دەزگا سیاسییە، گرنگە بزانین کە حزبە سیاسیەکانی هەرێم بەسەر چەند ڕەوت دابەشبوون. (٢لا: ٨٤).

لەکاتێکدا کوردستانی عێراق خاوەن کلتورێکی باشی فرەیی سیاسییە بە بەراورد بە تەواوی ناوچەکانی تری عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی لە دەستی چەند حزبێکی سیاسی کەم و چەند خانەوادەیەکی فەرمانڕەوا چڕبووەتەوە. دەتوانرێت حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئایدۆلۆژییا و دنیا بینی سیاسییان پۆلێن بکرێن، بۆیە بەشێکیان پارتی سیاسی نیشتیمانین ، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەکو حزبێکی

پارێزگار، لیبڕال دیموکرات و ناسیۆنالیست کاردەکات، هەروەها پارتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای ئایدلۆژی مارکسسیتی دامەزراوە تاوەکو ئێستاش کاریگەی ئەم ئایدۆلۆژییایەی لەسەر ماوە، لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لاوازبوونی بیری مارکسسیتی، ئەم حزبە ئێستا ئەندامی ڕێکخراوی سۆشیال دیموکراتی جیهانییە، بەشێکی تری پارتی سیاسی چەپڕەون، وەک حزبی شیوعی کوردستان-عێراق، کە لەژێر کاریگەری تەوژمی سۆشیالیستی و کۆمەنیسستی درووستبووە. هەروەها بەشێکی تریيان پارتی سیاسی ئیسلامیین وەک بزووتنەوەی ئیسلامی کورستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان، ڕەگ و ریشەییان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری تەژمەکانی ئیخوان موسلمین لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەسەر خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان. (هولیاە ڕۆژنامەیە، ٢٠٢٠، ٦) ( ٢، ٨٥-٨٧) .

سەبارەت سیستەمی حزبی کە چۆن گەشەی کردووە و پەیوەندییە حزبییەکان چۆن بووە دەتوانین بە سێ قۆناغ باسی بکەین:

قۆناغی یەکەم: سیستەمی تاک حزبی: هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٠ حزبی سیاسی دروست بوو، بەڵام لە دابەشکردنی قۆناغەکان لە ساڵی ١٩٤٦ دەست پێدەکەین وەک قۆناغی یەکەم کە سیستەمی تاک حزبییە ، چونکە بە بڕوای توێژەران یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ١٦ی ئۆگەستی ١٩٤٦، کە یەکێک لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەو چالاکییە چەکدارییە بوو کە لە ناوچەکە هەبوون کە دواتر بەرەو ڕێکخستنی پارتی سیاسی چوون. دوای درووست بوونی پارتەکە چەندین چالاکییان ئەنجامدا جا چ بەشێوەیەکی نهێنی یان ئاشکرا بێت، چونکە ئەگەر چی لە ماددەی دەستووری کاتی عێراق لە ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ١٩٥٨ز بڵاو کرایەوە کە داندەنێت بەوەی گەلی کورد نەتەوەی دووەمە لە کۆماری عێراق و هاوبەشە لەم کۆمارەدا، کە لە ئێزگەکان و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەم داننانە و هاوبەشییە تەنها بۆ قسە و نووسین بوو، هیچ هەنگاوێکی جێبەجێکردنیان نەنا. بەڵام بە بیستن و بڵاو بوونەوەی هەواڵ و دەنگوباسی پێکهاتنەکەی ٦ی ئایاری ئازاری ١٩٧٥زی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران و ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بۆ تاران و گەڕانەوەیان بە نا ئومێدی، شۆڕشی پانزە ساڵەی ئازادیخوازی کورد هەرەسی هێنا. ( بارزان، ٨٥ – ٨٦) و (نەجم سەنگاوی، ٧١١ – ٨١٤).

قۆناغی دووەم: سیستەمی دوو حزبی، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ز بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی، ئەویش کاتێک ناوبراو لە دوای نسکۆکەی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥زی لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم چاوپێکەوتنییان لەگەڵ مستەفا بارزانی کرد

و ڕەزامەندی و پرسی ئەویشییان وەرگرتبوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی نوێی کوردستان، کە دوا جار لە ١٩٧٦ یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان دامەزراند. لە پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆری پارت و ڕێکخراو کوردستانییەکان لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢ز بڕیاریاندا و پێکهاتن لەسەر دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و خەباتی هاوبەشییان لە دژی رژێمەکەی عێراق و سەدام حوسێن، هەر لەو ساڵەدا یەکەم کۆبوونەوەیان کرد. شەش پارت و ڕێکخراو لەم بەرەیە بەشدار بوون بەڵام یەکێتی و پارتی باڵادەست بوون، ئەم بەرەیە  ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و لە مانگی ئازاری ١٩٩٢ بڕیاری یەکام هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی دا، ئەوە بوولە ١٩ئایاری ١٩٩٢ز بەشێوەیەکی ئاشکرا و ئاشتیانە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە پارتی دیموکراتی کوردستان ٪٥١ هێنا، یەکێتی نیشتیتمانی کوردستان ٪٤٩ی دەنگەکانی هێنا و پارتەکانی تر هیچی لە ٪٧ ی نەهێنا و بەشدارییان لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان نەکرد، بۆیەش بە قۆناغی دوو حزبی دەناسرێت، بەڵام جیاکردنەوەی دەنگەکەکان یەکێتی نیشتیتمانی کوردستان بەم ڕێژەیە ڕازی نەبوون کە خەریک بووو گیر و گرفت دروست بکەن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاریاندا کە پەنجا بە پەنجا کورسییەکانی پەرلەمان دابەشبکەن بەسەر خۆیاندا. زۆربەی وڵاتانی جیهان لەسەرەتای دروستبونیانەوە بە چەند قۆناغێکی سەختی ململانێ و ڕووبەڕووبونەوەدا تێپەڕبوون جا چ بۆ سرەبەخۆیی بێت یان شەڕی پێکهاتەکان بێت بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بێت. بەهەمان شێوە ئەم هەرێمەش دووچاری شەڕی ناوخۆی سەخت بۆتەوە لە ساڵی ١٩٩٤ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و  یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، تاوەکو  سالی ١٩٩٨ کە ڕێککەووتنی ئاشتی لە نێوانیاندا مۆرکرا لە واشنتۆن. بەڵام تا دوای پرۆسەی داگیرکاری عێراق لە ٢٠٠٣،  هەریەکەو لە هەرێمیک پێکدەهات کە تاوەکو ئێستاش شوێنەواری ماوە . (بارزان، ٦٨ -٧٢) .

قۆناغی سێیەم: سیستەمی فرە حزبی، دوای یەکگرتنەوەی هەردوو هەرێمەکە لە دوای داگیرکاری عێراق،  بەشێوەیەکی فەرمی و دەستووری هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، خوولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، ژمارەی کورسییەکان لە ١٠٥ بۆ ١١١ زیادکرا و لیستی جیاواز بەشدرا بوون، کە تەنها سێ لیست گەیشتنە پەرلەمان. بەم شێوەیە پارت و دیاردەی نوێی زیاتر هاتنە نێو سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان وەک خۆ ناساندن بە ئۆپۆزسیۆن لە لایەن هەر سێ پارتی ( بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامی). بەڵام لەم قۆناغەشدا ناکۆکی سیاسی نێوان لایەنەکان بەردەوام بوو لەسەر پێکهێنانی حکوومەت و دابەشکردنی پۆستەکان،(هەمان سەرچاوە، ٧٢-٧٨).

ئەم ناکۆکیانە لەبەر ئەوەی لە نێوان دوو پێکهاتە زیاتر بوو ، بۆیە بە قۆناغی فرە حزبی ناسراوە کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

2-2 -دووەم: سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن

ئەگەر چی لە دوای رروخانی ڕژێنی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ بارودۆخێکی دیکە نوێ هاتە ئاراوە و عێراق لەو گۆشەگیرییە دەرچوو کە تێیدا بوو، کە هەرێمی کوردستانیش باشتر بەرەو دەرەوە کرایەوە، بەڵام سیاسەتی قۆرخکردنی دەسەڵات بە بەردەوامی مایەوە، بەشێوەیەک ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەش تا ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان نەبوو. (فوئاد سدیق، ٢٠١٥، ١٦٠) .

بە گشتی لە هەرێمی کوردستان دوو مۆدێلی ئۆپۆزسیۆن هەن، کە بریتین لەمانە:

یەکەم: مۆدێلی کۆن: سەرەتای پێکهێنانی دەسەڵاتداریتی هەرێمی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٢ لە لایەن هەردوو حزبی براوەی هەڵبژاردنی ئەو ساڵە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان)، هیچ یەکێک لە لایەنە سیاسییەکانی (شیوعی، زەحمەتکێشان و سۆسیالیست)، نەبوونە ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو بەشێوەیەک بوونە بەشێک لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی کوردستان. بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، پاش دوو ساڵ و بەپشتیوانی ئێران، بوونە ئۆپۆزسیۆنی نایاسایی و هەژموونخواز و سەربازی، کە دەیانویست دەسەڵاتداریتی هەرێم بڕوخێنن و خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست. دواتر لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ لەناو یەکێتیدا هەندێک کەس و سیاسی، دەیانویست شێوازێک لە ئۆپۆزسیۆن دروست بکەن، ئەوە بوو لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ ویستیان فراکسیۆنێک بەناوی ریفۆرم دروست بکەن و هەوڵیاندا لەدژی دەسەڵاتی مام جەلال رەوتێک بەڕێوەببەن بۆ لابردنی. ئەم شێوازە لە ئۆپۆزسیۆن بەشێوازی تێکەڵاوی ئۆپۆزسیۆنی هەژموونخواز و نیمچە ئۆپۆزسیۆن دەناسرێ، کە دەیانەوێ لەناو هەمان قەوارەی سیاسیدا لەدژی کەسێک یان کۆمەڵێکی دیکە ئاڵوگۆڕساز بکەن. ئەمانیش هەموو ڕێگاکانی جەماوەری، ڕێکخستن، هەڵبژاردنی ناوخۆیی، لیست و فراکسیۆنی جیایان بەکارهێنا، زۆریش هەوڵیاندا هێزی پێشمەرگەی یەکێتییان لەگەڵ بێت، بەڵام سەرەنجام لەساڵی ٢٠٠٨ لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان شکستی گەورەیان هێنا. بۆیە دواتریش لەساڵی ٢٠٠٩ ئەم ڕەوتە لە یەکێتی جیابوونەوە و بزووتنەوەیەکی بەهێزی سیاسی، جەماوەری و ڕێکخستنیان دروست کرد، بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان). بەڵام لەساڵی ٢٠١٣ ش، کە چوونە ناو حکومەتی بنکە فراوانی هەرێم، بەهەمان سازوکار ئیشیان کرد و هەوڵەکەی بۆ لابردنی مام جەلال لە سکرتێری گشتی، لەدوای جیابوونەوەیان، کردیان بە هەوڵی لابردنی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە کۆی ئاراستە و هەوڵی سیاسی و جەماوەری و ڕێکخراویی خۆیان لەم ئاراستەیە، وا خستەڕوو. بێگومان کەسی یەکەمی دەسەڵاتی هەرێمیش، کە سەرۆکی هەرێمە ئەم هەوڵ و

سیاسەتە پەسەند ناکات و سەرەنجام گۆڕان لە حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرکران. کۆمەڵ و یەکگرتووش ماوەیەک پێش هەڵبژاردنی٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق لەو حکومەتە کشانەوە. (د.ئەکرەم، ٢٠١٨)

دووەم: مۆدێلی نوێی ئۆپۆزسیۆن جیاوازی زۆرە، دوو لایەن یەکگرتوو و نەوەی نوێ ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان یەکلاکردووەتەوە، کۆمەڵیش لەسەر وەختی یەکلابوونەوەیە، بەڵام ئەو لایەنانە مەیلیان بۆ کاری هاوبەش پێوە دیارنییە و تەنانەت هەندێک جار هەڵمەتی میدیاییش لەسەر یەک دەکەن و رەخنە لە یەکدی دەگرن، گوتاری هاوبەشیان نییە و هەر لایەکیان جۆرێک لە ناکۆکی لەگەڵ لایەکەی دیکە هەیە. ئەوەش ئەرکی دەسەڵات ئاسان دەکات و سەنگ و قورساسی ئۆپۆزسیۆن دێنێتە خوار. ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو لایەنانەی ناچار کردووە هەندێک جار پێکەوە بن، بەوپێیەی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا پێویستی بە واژۆی ١٠ پەرلەمانتار هەیە و هیچ کام لەو فراکسیۆنانە ئەو ژمارە پەرلەمانتارەیان نییە، بەڵام هێشتا ئەوە وایلێنەکردوون کارەکانیان بە هاوبەشی بکەن و پرۆژەکانیان هاوبەش بێت لە پرۆژەیاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە یەکێک بوو لە هەستیارترین پرۆژەکان هەر سێ لایەن سێ پرۆژەیان پێشکەشکرد و پرۆژەکانیان یەک نەخست لەکاتێکدا ناوەرۆکی پرۆژەکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەو دوورە پەرێزییەی لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە رووی کردەییەوە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەدای ئۆپۆزسیۆن، بەوپێیەی هیچ کام لەو هێزانە خواستی ئەوەیان پێوە نابینرێت بۆ فشار لەسەر دەسەڵات شەقام بجولێنن و لە شەقام نابینرێن بۆیەش وادێتە پێشە چاو کاریگەرییان کەمتر بێت، بە پێچەوانەوە لە خولی پێشووتر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە بوون و پێکەوە شەقامیان دەجولاند و زۆرجاریش کارتی جولاندنی شەقامیان دژی دەسەڵات بەکاردەهێنا . دوو جۆر ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان هەیە، یەکەمیان شەقام و دەنگی ناڕازی هاولاتیان و دەستەبژێرێکی رۆشنبیرو خوێندەوارو پیشەوەر....هتد، دووەمیان چەند هێزێکی سیاسین و لەناو پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی بوونیان هەیە. هەردووکیان بە یەک زمان قسە دەکەن کە بۆچونیان وایە دەستەبژێری حوکمڕانی سیاسی و ئیداری گەندەڵن و نا عەدالەتی هەیە و قۆرغی سەروەت و سامانیان کردووە. (پەیسەر، ٢٠١٩) و ( هەندرێن، ٢٠٢٠).

### 3-2 -سێیەم: سروشت و بزوێنەرەکانی ململانێی سیاسی نێوان لایەنەکان

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر دوو تەوەرەی سەرەکی:

#### 1-3-2 -یەکەم- سروشتی پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان :

حزبە سیاسییەکان بە یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکان، فاکتەرێکی بەهێزی ململانێی شەرعی و پرەنسیپی بەشداریی سیاسییە و گوزارشتە لە ئیرادەی کۆی گشتی کۆمەڵگە بە هەموو جیاوازییەکانییەوە. ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان فرەحزبی بوونی هەیە و لە بنەڕەتدا فرەحزبی دیاردەیەکی تەواو دیموکراسییە، بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا بوونی هەیە، زۆر جیاوازە وەک لەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بوونی هەیە، چونکە لە بنەڕەتەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی نییە. تەنانەت بەشێکی زۆر لە حزبەکانی، لە ناوەڕۆکدا باوەڕیان بە بەها دیموکراسییەکان نییە. حزبە کوردستانیەکان تا ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ بەهیچ شێوەیەک لە هەل و مەرجێکی سیاسی و کەشێکی ئارام و دیموکراسی پەرە و گەشەیان بە کاری حزبی و تەنانەت سیاسیش نەداوە، بەڵکو خەباتیان لەپێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و هێنانە ئارای کەشێکی سیاسی—یموکراسی بۆ تەواوی عێراق بوو. هەرچەندە لە دوای ڕووخانی رژێمی بەعس لە عێراق کەشێکی سیاسی نوێ بۆ هەموو عێراق و بەهەرێمی کوردساتنیشەوە هاتە ئاراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەباتی سیاسی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسییان پێڕەو نەکردووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەستاو دەستکردنی دەسەڵات نەبۆتە مۆدێلێک بۆ حوکمڕانی. (عەدنان، ٢٠١٨) و (فوئاد، ، ١٦٣) .

هەرچەندە حزب فاکتەرێکی گرنگە لە جووڵاندنی ڕای گشتی لە کۆمەڵگەدا لە پاڵ میدیا و دامەزراوەکانی تر، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ڕای گشتیمان هەیە لە کوردستان کە کاریگەری بکاتە سەر ڕووداوەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و بگرە خودی حزب و میدیایش؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت پرسیارێکی جەوهەریتر بکەین؛ بۆ نموونە لە ئێستادا بەهای هاوبەش و ناسنامەی نیشتمانیی هاوبەش هەیە لە نێوان تاکەکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە بەهای حزبی و هەرێمی و ناوچەیی فراوانتر بێت؟ هەمووماں واقعەکە دەبینین کە بەداخەوە لە کوردستان ئەو ناسنامە و بەها هاوبەشە نییە کە تاکەکان لەسەری ڕێک کەوتبن. کەواتە زۆر بەسادەیی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕای گشتی نییە کە هەڵقووڵاوی بیر و هزر و هۆشیاریی سیاسیی تاکەکان بێت، تەنیا ڕای حزبی بوونی هەیە، بۆ نموونە لە کوردستان زۆر ڕووداوی گەورە ڕووی داوە کە پەیوەست بووە بە چارەنووسی هەموو هاونیشتمانییەکەوە، بەڵام ڕایەکی گشتی درووست نەبوو بە شێوەیەکی خۆڕسک، کە دەرەنجامی هۆشیاری و بیرکردنەوە بێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن یان گۆڕینی ئەو واقعەی کە هەبووە، ڕوونتر پێشتر پەرلەمان لەکار خرا، ڕایەکی گشتیی هاوبەش نەبینرا، بە حزب بڵێ بۆ دەبێت پەرلەمان و دامەزراوە شەرعییەکان لەژێر هێژمونی حزبدا بن. ئێستایش لەبەر هەر هۆکارێک لێرە و لەوێ،

کێشە بۆ دروستکردنی کابینەی نوێ دروست دەکرێت و، هەڕەشەی دووئیدارەیی دەکرێت، هیچ ڕایەکی گشتی و هۆشیارییەکی گشتی نییە بەرەنگاری ئەمە ببێتەوە و بڵێت ئەوە هێڵی سوورە و پەیوەندیی بە ژیانی تاک بە تاکی ئەم کۆمەڵگەیەوە هەیە. (عەدنان، ٢٠١٩ )

دۆخی هەرێمی کوردستان لە دوای شەڕی نێوخۆ لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، دوو زۆنی خستووەتەوە. زۆنی سەوزو زۆنی زەرد. هەرچەندە چەندین خولی هەڵبژاردن پێکەوە حکومەتی هەرێمیان بەڕێوە بردووە ، بەڵام نەتوانراوە ئەو دوو زۆنییە کۆتایی پی بهێنن، کە هەموو شەڕەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات بوو، کە لە ڕێگەیەوە شەڕی کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتیشی لێکەوتەوە، بۆیە شەڕی ناوخۆ بە پیسترین شەڕ دەناسرێت، چونکە دامرکاندنەوەی زۆر سەختە( فوئاد، ٢٠١٥، ١٧١) و ( یەحیا ، ٢٠٢٢) .

کەواتە ئەگەر بێنە سەر کاری حزبەکان، ئێستا نەک تەنیا حزب تێکەڵ بە حکوومەت کراوە، بەڵکوو ئینتیما بۆ حزب لە پێش ئینتیمایە بۆ وڵات و نەتەوە. حزبایەتی جێگەی بیری ناسیۆنالیستیی گرتۆتەوە، ئەمەیش گەورەترین کارەسات و قەیرانە. دەتوانین بڵێین ئەم حزبانە ئەوەندەی جەخت لەسەر بچووککردنەوەی ئەوانی تر دەکەنەوە، ئەوەندە جەخت لەسەر کار و وەزیفەی سەرەکیی خۆیان ناکەنەوە وەکوو حزبێکی سیاسی.

دووەم- ململانێ دیاردەیەکی حەتمییە و مێژووەکەی بۆ سەرەتای بوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە لەسەر زەوی. هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی لەسەردەمی نوێدا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و یەکسانی و ماف دەگەڕێتەوە.(ئاسۆ و شۆخان، ٢٠٢١، ٤٩) .

ئەو بزوێنەروانەی(فاکتەرانەی)  بوونەتە هۆی ململانێ لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی پێبدەین:

١ -فاکتەری گەیشتن بە دەسەڵات :

هەر وەک ئاشکراییە لە هەرێمی کوردستان فرە حزبی بوونی هەیە، کە تەنیا لە سێ پارێزگادا نزیکەی ٢٠ حزبی جیاواز هەیە، ئەمە جگە لەوەی لە ئێستا و داهاتوودا کۆمەڵێک حزبی نوێ خۆیان ڕاگەیاندووە، ئەم حزبانەش یان تازە دروست بوون یان بەهۆی لێکترازان لە ناوەخۆی حزبێکی ترەوە دروست دەبن و جیادەبنەوە. (عەدنان، ٢٠١٨).

ئەمەی سەرەوە دەتوانین لە ڕێگەی واقعی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بسەلمێنین، کە درێژبوونەوەی حزب و خێڵ و بنەماڵەییە، هەرچەندە حکومەت و پەرلەمان داهێنانێکی بلیمەتانەی سیاسی بوو ، خەڵکی کوردستانی مەزن پێی گەیشتوون،  بەڵام هەر لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٩٩٢بە خێرایی بە تەوافوقیانە پەرلەمان دروست بوو، دوایی دوولەت بوو بێ ئەوەی هیچیان ڕادەی یاسایی تەواو هەبێ بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دواکەوت تا

ساڵی ٢٠٠٥، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەت ململانێیەکی کوشندەیە لە پێناو دەسەڵات و ئاراستەکردن و خاوەندارێتییە. بۆیە لە کوردستان ئەزمونێکی تاڵمان لەگەڵ شەری ناوەخۆی حزبە سیاسیەکان هەیە ، هەموو شەرەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بوو، ئەگەر تێبینی بکەین لە کاتی شەردا، هەر حزبە و هەوڵی دەدا زۆرترین شار بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، وەک شوێنی ستراتیژی رێگای هامتلۆن و گومرگەکان، بۆیە شەڕەکە لە ڕاستیدا شەڕی دەسەڵات بوو. ( فوئاد، ٢٠١٥، ١٥٩-١٧١) (مسعود، ٢٠١٢، ٣٠٦).

٢ -فاکتەری فراوانکردنی بنکەی جەماوەری:

لایەنە شەڕکەرەکانی بواری سیاسی کۆششدەکات بۆ کێشکردنی سۆزی جەماوەر، لەڕێگەی خستنەڕووی راستگۆیی و نیەتچاکییەوە، بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵ و دەرخستنی ئەوەی گەمەکار یان فێڵباز یاخود گومڕاکار نییە، لێرەوە حزب و دامەزراوە سیاسیەکانی جیهانی سێیەم. بەڵکو دونیا بە گشتی، جا لە دەسەڵات بن یان کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەن، هەر لایەنیک هەوڵدەدات وێنەی خۆی لەبەرچاوی خۆی و ئەوانی دیکەس جوان بکات. (فوئاد، ٢٠١٥، ١٥٩).

٣ -فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی :

هەر وەک چۆن لە باسەکانی پێشوو جەخت کرا سەر ئەوەی رەگی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٧ەوە واتە پێش ڕاپەڕینە مەزنەکە، و پێکهێنانی پەرلەمانی تەوافقی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و سەرەرای سەرکەوتنە بەراییەکانی، بەڵام بەهۆی لاوازی کەلتووری هاوبەشی حوکمڕانی و دەستێوەردانی دەرەکی ئەم ئەزموونە سەرکەوتوو نەبوو تەنها دوو ساڵی خایاند، و سەرەنجام شەڕی ناوەخۆی و جیاکردنەوەی جوگرافی و ئیدارەی جیاوازی تا ٢٠٠٥ لێکەوتەوە. ئەم دەستێوەردانی دەرەکییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەتاوەکو دوای جەنگی رووخانی حکومەتی ناوەندی عێراق و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، ئەم هەرێمە وەکو سیستەمێکی دیفاکتۆیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، و لە لایەن چەن یەکەیەک و ویلایەتێکی جیاجیاوە بەڕێوەدەبرا لە ناوەوە و دەرەوە، کە تەنانەت پێش ڕاپەڕینیش لەو دۆخەدا بوو. (بارزان، ٦٧-٦٨) (یوسف و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠، ٨).

زیادبوونی هەژموونی هێزە ئەقلیمییەکانیش بونەتە ئالانگاری لەبەردەم ئایندەی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە لە دوای ڕیفراندۆمی٢٠١٢ تورکیا لە ترسی ڕاگەیاندنی لکاندنی کەرکوک بە هەرێمەوە، کە هەمیشە کەرکوک و تورکامنەکانی عێراق لە خەیاڵی جیۆپۆڵەتیکی تورکیادا درێژکراوەی خاکی خەڵکی وڵاتەکەین، بۆیە هەڵوێستێکی توندی نیشاندا و پشتیوانی بەهێزی عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمی عێراق کرد، کە بە سوپا و حەشدی شەعبی پێشڕەوی بۆ

ناو کەرکوک بکەن. هەرچی هەڵوێستی ئێرانیشە، خودی قاسم سلێمانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی لەشکرێکی سوپای عێراق و میلیشیا عێراقییە پرۆئێرانییەکانی دەکرد بۆ گرتنەوەی بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەن. لە ئێستاشدا لەشکرکێشی و جوڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی هەر دوو وڵات دژ بە پارت و هێزە نەیارەکان لەناو خاکی کوردستاندا ئەگەری دروستکردنی هەڕەشە هەیە بۆ سەرە قەوارەی هەرێم، بەتایبەت لە سیناریۆی دابەشبوون یان سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی دۆخی هەرێم بۆ دوو قەوارە یان دوو ناوچەی جێی هەژموونی سیاسی و یاسایی و سەربازی لێکچوودا، جا بەشێوەی توندوتیژی و قوڵبوونەوەی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی نێوان هەردوو پارتی گەورەی دەسەڵات بێت، یان بە حوکمی لیکتێگەیشتنی نێوانیان بێت. ئەم زیادبوونی هەژموونی هێزە ئەقلیمییەکان بە تایبەت لایەنە سیاسی و چەکدارییە وابەستەکانی ئێران بە دامەزراوە تەشریع و سەربازییەکانی عێراقدا، ئەمریکای ناچارکرد بۆ سەر خستنی ئامانجەکانی و پارسەنگکردنی ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ ئێران، کە چیدی گرەو لەسەر کورد یان هەر هێزێکی دیکە نەکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوە سەرەکی و باڵاکانی عێراقدا بکەوێتە گفتوگۆی ستراتیژی، ئەمەش پتر پێگەی کورد لە عێراق و زلهێزەکاندا لاواز کرد(سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندە، ٢٠٢٠، ٧).

## 4-3-2 -چوارەم: لێکەوتەکانی ململانێی سیاسییەکان

هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای درووستبوونی لە ساڵی ١٩٩٢ بە شێوەیەکی دیفاکتۆیی، لەنێوان پارتە سەرەکییەکان و لایەنەکان ململانێ بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرچاو هەبووە و بە چەند جۆریکیش دەردەکەون، بەڵام ئەوەی لێرەدا کە گرنگە جەختی لێوە بکەین لێکەوت و کاریگەری ئەو ململانێیانەیە کە لە زۆربەی بوارەکان ڕەنگیداوەتەوە، کە دەکرێت بە چەند خاڵێک بخەینەڕوو:

١ –لێکەوتەی سیاسی :

حکوومەتەکانی عێراق هەر لە سەرەتادا هێندە سەرقاڵبوون بە دژایەتی پێکهاتەکانی دیکە، هەوڵی گەشەپێدانی دامەزراوە سیاسی و کارگێڕییەکانیان نەدەدا. ئەم دۆخە بوو بە بنەمای سەرهەڵدانی ململانێی نێوخۆیی و لەدایکبوونی نەوەیەکی ناسیونالیستی عەرەبی کە هەر چالاکیەکی کلتوری لەدەرەوەی نەتەوەی عەرەب بە دوژمنکاری و دەستی بێگانە لەقەڵەمبدا. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە حزبی کوردی لەدەرەنجامی ئەم دۆخە لەدایکبووە، کە زیاتر حزبی شۆڕش و بزوتنەوەی رزگاریخوازین، جۆرێکە لەدەرنجامی رەتکردنەوەی سیاسەتی ناسیونالیستی عەرەبی، واتە لەدەرەوەی سیستم و پرۆسەی هەڵبژاردن هاتوونەتە بوون. ئەم جۆرە لەسروشتی دامەزراندنی حزبەکان کاریگەری قوڵ لەسەر جۆری تێگەیشتن و کارکردنیان

پەیوەست بە دامەزرواە سیاسیەکان جێدەهێڵێت. سروشتی کارکردنییان بەو شێوەیە دەبێت کە هەوڵدەدەن سەرچاوەکان و بونیادی دەوڵەتەکە بۆ ڕێکخستنەکان و بەرژەوەندی حزبی بەکار بهێنن . لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لەم دۆخەدا دەسووڕێتەوە هەر لە سەرەتای دروستبوونی، و دوو حزب لەسەر هەمان ریتم ململانێ دەکەن ئەمەش دۆخەکەی تەواو سەخت کردووە، بە شێوەیەک کۆمەڵگای کوردستانی دوو پارچە کردووە، هەر وەک لە باسەکانی پێشو باسکراوە، ئەمەش نەک هەر تەنها بۆتە هۆی لاوزبوونی متمانەی هاولاتیان بە دەزگا فەرمییەکان، بەڵکو خەڵک دامەزراوە سیاسیەکان بە دامەزراوەی خۆیان نازانن. هەروەها لە بوارەکانی دیکەشدا، زۆربەی سێکتەرەکان تووشی گرفتی قوڵ هاتوون، کە تا ئێستاش خزمەت گوزارییە سەرەتاییەکان سەقامگیر نین و گەندەڵی و نەبوونی دادی کۆمەلایەتی تا ئاستێکی زۆر بە یاسایی کراوە. لە دۆخێکی ئاواشدا زۆر قورسە دامەزراوەکان لە نێو کۆمەڵگەیەکی هەژار و دابەشبوونی سیاسییدا گەشە بکەن. هەر بۆیەش زۆریک لە توێژەران و سیاسەتوانانی هەرێمی کوردستان پێیان وایە کە ڕەگی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان پارتە سیاسیەکانن. (چنار، ٢٠٢٠، ٨٨-٩٩) (بارزان،٢٠١٨، ٢٤).

٢ -لێکەوتەی یاسایی: لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو وەک چارەسەریک بۆ کێشەی کورد، بۆ یەکەم جار باس لە دروست کردنی شێوازی ناوەندێتی لە کوردستانی عێراق کرا، دواتر لە دەستووری ٢٠٠٥ پەسەند کرا و گەلی کوردستان بوو بە خاوەن قەوارەیەکی دەستووری دانپیانراو لە ناوەخۆ و دەرەوەدا. هەرچەندە لە دوای رووخانی ڕژیمی بەعس بارودۆخیکی نوێ هاتە ئاراوە و ئیدارەی هەرێم یەکخراوە، بەلام لە یەک حکوومەتدا نەتوانرا شێوەی بەڕێوەبردنی هەرێم بە تەواوی یەک بخرێتەوە، وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە بۆ ماوەیە بە جیاوازی مانەوە، هەروەها ئیدارە کۆن بە دیفاکتۆ لە زۆربەی بوارەکاندا مایەوە، مەیلی دەسەلاتی لۆکاڵی لە ڕێی ناوەندێتی بەسەر دەسەلاتی یەکگرتووی ناوەندێتی لە هەولێری پایتەخت بەتایبەت لە زۆنی سەوز بەهێزتر بوو، بەم هۆیەوە چەندین یاسا و پرۆژە یاسای بۆ ناوندێتی و دورکەوتنەوە لە هەژمون و دەسەلاتی ناوەند (هەولێر) گەلالە کرا. سەرەنجام پاش ١٥ ساڵ لە یەکگرتنەوەی ئیداری نە حکوومەتی هەولێر(پایتەخت) توانی ببێتە خاون دەسەلاتی تەواو لەسەرتاسەری هەرێم، نە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش توانیان دەسەلاتی ناوەندێتی لە ناوچەکانیان بە تەواوی بچەسپێنن. بەمەش چەندین گیر و گرفت دروست بوو هەر لە دابەشکردنی بریاری سیاسی، دەسەلات و توانا داراییەکانەوە تا دوو لەت کردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەکگرتنەوەی لەرزۆک لە سایەی جۆرێک لە دوو ئیدارەیی شاراوەدا. مۆتەکەی ناکۆکیش تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەری قوڵبوونەوەشی مەترسیدارترە، بە تایبەت لە بواری ڕێکنەخستنی هێزی پێشمەرگە، دەزگا

ئەمنییەکان، نەبونی دیدێکی ستراتیجی هاوبەش بۆ سیاسەت وئاسایشی دەرەکی هەرێم. ( سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٢٠٢٠، ٤-٥) (یوسف و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠، ٨) .

٣ -لێکەوتەی کارگێڕی :

بە بڕوای ساموێل هانتینگتۆن هەرکات دامەزراوەی حزبی سیاسی لە پێش دامەزراوە دەوڵەتییەکان بونیان هەبوو لە وڵاتیکدا، ئەوا ئەستەم دەبێت پارتەکان دەرفەت بە دامەزراوەی حکوومی بدەن سەربەخۆییانە ئەدای کارەکانی بکات و لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن، بەڵام دەستێوەردانی حزب و بەکارهێنانی دامەزراوەکان بۆ بەرژەوەندیی حزبی بە شێوەیەکی ریژەیی کۆنە و ئەزموونی جیاواز بەردەستن. بەر لە دوو سەدە ئەمریکا لە ئاستی حکوومەتی شارەکان جۆرێک لەم کێشانەی هەبووە، پۆست و دەزگا حکومییەکان بەکاردەهێنران بۆ پشتگیری ئەندامانی حزبی دەسەڵات، بەم شێوەیەش مەترسی ئەوە هەیە کا دامەزراوە حکومیەکان ئازادی کار و چالاکی لە دەستبدەن و توانای گەشەکردنیان سنوردار بێ، و حزب ئاڕاستەی جموجۆڵەکانیان بکات. ئەم دۆخەش لە هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، دۆخی پەرلەمانی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی ڕەنگە دەربڕێکی باش بێت بۆ گوزارشت کردن لە کاریگەری ناسەربەخۆیی دەزگایەک. هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە هەرێمی کوردستان بە سیستەمی پەرلەمانی ناسێندراوە، بەڵام دەستێوەردانی حزب ڕۆڵی ئەم دەزگایەی وا پەراوێز خستووە وا هەستدەکەی دەزگایەکی لاوەکیە. ناسەربەخۆیی دامەزراوەکانیش ئاماژەیە بە لاوازی و ڕەخساندنی هەل بۆ دەستێوەردانی دەرەکی و گەندەڵی. ئەم شێوازی دەستێوەردانەی حزب لە کاروباری حکومەت هەر لە لوتکەی دەسەڵاتەوە تا دانانی کارمەندێکی ئاسایی شتێکە لە دونیادا وێنەی کەمە، کە هەمیشە چانسی ئیش و پلەو پۆست بۆ کەسانی حزبیە ئەمەش بریتییە لە جیاکاری هاوڵاتیان لەسەر بنەمای حزبی، ئەنتیکی-ئاینی یان هەر جۆریکی دی تا ئەوپەڕ دژ بە ئینتیمای سیاسییە و دەبێتە هۆی کوشتنی رۆحی ئیش و داهێنان و بەرهەمهێنانی و هەروەها کوشتنی ئینتیمای نیستیمانی لای ئەو کەسانە. (بارزان،٢٠١٨، ٢٥) (شرۆڤە، ٢٠٢٠، ٨٢-١٠٤).

٤ -لێکەوتەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا:

بە هۆی خێرایی جوڵەی گۆڕاوە سیاسی و ئابوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، هەمیشە سیستەمە سیاسییەکان دووچاری شکستی خێرا یان تەنگو چەڵەمە سیاسی و ئابووری دەبنەوە. بە پێچەوانەی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی جەنگ و دژی داعش هەیبوو، دوای یەکلایی بوونەوەی ئەم جەنگە و بێ ئاکام بوونی هەوڵی ریفراندۆم و پاشەکشەکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە جێناکۆکەکان بەهۆی ئەو ڕیککەوتنە شومەی کە لەگەڵ حکوومەتی عێراق کرا لە ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، کە لایەنێکی ناو پارتێکی سیاسی

ئەنجامیدابوو، بە بڕیاری پارتەکە بەشێک لە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد و دەسەڵاتی کارگێڕی هەرێمیس گەڕاوە بۆ سنوورەکانی پێش ٩-٤-٢٠٠٣، هەژمووونی هێزە کوردییەکان و نەخشی هەرێمی کوردستانیش لە سیاسەتی عێراقدا ڕووی لە کزبوون کردووە، کە دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی بە سستی ڕێکردنی هەنگاوەکانی ڕێککەوتنی نیوان هەولێر و بەغدا لاواز بوونی ڕۆڵ و پێگەی هەرێم بێت لە عێراقدا. ئەمە جگە لەوەی خودی هەرێمیش لە دوای ٢٠١٢ەوە، بەتایبەت دوای گرتنە بەری سیاسەتی "ئابووری سەربەخۆ" لە ٢٠١٤دا، جۆرێک لە بێمنەتی سیاسی و ئابووری بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی پیشانداوە کە لە ئێستادا بەغدا باری ئەو بێ منەتییە بە هەولێر دەفرۆشێتەوە. (بارزان، ٢٠١٨، ٢٥-٥٢) ( سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٢٠٢٠، ٦).

## بەشی سێیەم: ڕەوشی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان

### 1-3 -ڕەوشی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

گەندەڵی کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Corruption) بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە هەڵسوکەوتێکی ناڕاستگۆیانە یاخود چالاکییەکی تاوانکارییانە، لەلایەن ئەو کەس و دەزگاو دامەزراوانەوە ئەنجام ئەدرێت کە متامانەیان پێدراوە و دەسەڵات و پلەو پۆستیان هەیە .هەروەها لەلایەن ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە بە شێوازێکی سادەتر پێناسەی گەندەڵی کراوە کە بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی متمانە پێدراو لە پێناو بەدەست هێنانی دەسکەوتی کەسی. لە وڵاتانی هەژاردا گەندەڵی درەنگ دروست دەبێت چونکە پارە بە ئاسانی دەستناکەوێت، بەڵام لێرەدا ئەمە جیایە، چونکە بەهۆی ژێر دەستی و درەنگ رزگاربوون چەندین کارەساتی گەورەی مێژووی کە نموونەیان کەمە، بەسەردا پەیڕەو کراوە وەک ئەنفال و کۆکوژی و ڕاگواستن، بۆیە سامانەکان بە ئاسانی بەدەستدەکەوێ کە بریتییە لە نەوت لەژێر زەوییەکاندا. (توانا، ٢٠١٨). و (سەرۆ، ٢٠٠٨، ٤٥)

گەندەڵی یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کۆمەڵێک کێشەی کارگێڕی و دامەزراوەی قوڵی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، بەهۆی دەستێوەردانی حزبی لە دامەزراندنی خەڵک بۆ کەرتی گشتی لە دوای ٢٠٠٣ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری موچەخۆر و کارمەندی کەرتی گشتییە. ڕاستە لە دەرەنجامی گەشەی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە دوای ١٩٩٢ئەوە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەبووە فەرمانبەری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەبێ، بەڵام ژمارەکە لەوە زیاترە کە پێویستە، کە تەنانەت بەرپرسانیش ڕایانگەیاندووە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی ئەو کەسانەی کە مووچەییان لە حکوومەت وەرگرتووە گەیشتووەتە ١٣٠،٠٠٠ کەس، لە کاتێکدا ئەو ژمارەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ دە بەرامبەر بەرزبۆتەوە بۆ ١،٣٤٤،٠٠٠. (هێمن، ٢٠٢٠، ١٩٩). بێگومان ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە و بەردەوام لە گەشەدا دەبێت ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێت، کەواتە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروست بوونییەوە بەرە بەرە لە کاروباری کارگێڕی و دامەزراوەیی تەشە نەی کردووە تا چووەتە نێو بوارەکانی تر و گەیشتۆتە ئەمڕۆ .

#### 1-1-3- هۆکارەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان :

چەند هۆکارێک هەیە وا لە تاک یان کۆمەڵێک دەکەن کە گەندەڵی ئەنجامبدەن و بە پێچەوانەی یاساوە کاربکەن، لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بریتییە لە نەبوونی شەفافیەت و ناڕوونی و نەبوونی لێپێچینەوە و لاوازی گیانی نیشتیمان پەروەری و نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست. هەرچەندە

هۆکارەکانی دروست بوون و هۆکارەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارانە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا لە نێوانیشیاندا وڵاتی عێراق جیاوازن لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان، چونکە ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتی گەشەکردنی گەندەڵی دەدەن لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا، تا رادەیەکی زۆر جیاوازن لەو فاکتەرانەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان گەشەی پێدەدەن، بەڵام ژمارەیەک لەو هۆکارانە خاڵی هاوبەشی دروستبوونی ئەم دیاردەیەن و هەر ئەم هۆکارانەش بوونەتە فاکتەری سەرەکی و خاڵی هاوبەش بۆ دروستبوون و تەشەنەکردنی گەندەڵی لە کۆمەڵگاکاندا. لە هەرێمی کوردستانیش کۆمەڵێک هۆکار بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە لە زۆربەی بوارەکاندا وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە. بەڵام بە گشتی هۆکارەکانی سەهەڵدانی گەندەڵی هۆکاری ئابوورین. ( گەیلان، ٢٠٢١، ٥٣) و ( حامید، ٢٠١٢، ٥٠-٦١).

بەگشتی دەتوانین هۆکارەکانی گەشە و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی بکەین:

١ -کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردن و نەبوونی چاودێری، واتە لاوازی پرسی چاودێری حکوومەت و پەرلەمان و دامەزراوەکانی چاودێری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی بەڕێوەبردن چونکە نەبوون یان لاوازیی پرەنسیپەکانی کاری حکوومی و نەبوونی چەمکی لێپرسینەوەی گشتی و بەرپرسیارەتی، هەموویان دەبنە هۆی گەندەڵی و ڕێخۆشکردن بۆی بەم شێوەیەش بەرپرسە حکوومییەکان ئازادی ڕەهایان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مەرامە کەسییەکانیان لە ڕێگەی وەرگرتنی بەرتیل لە کۆمپانیا گەورەکان، یان هاوڵاتییان، لەبەرامبەر چاوپۆشی کردن و ڕایی کردنی کارەکانییان. بەتایبەت لە وڵاتانی خاوەن نەوتدا لە ئاستێکی باڵادایە، چونکە لای کۆمپانیاکان زۆر ئاساییە بەریتیلی زۆر بدەن بە بەرپرسەکان بەرامبەر بەخشینی مافی دەرهێنانی نەوت. (حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧) (شرۆڤە، ٢٠١٩، ٧٢) .

٢ -گەندەڵی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و ئەوانەی بە قۆناغی گۆڕانی سیستەمدا تێدەپەڕن بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوەی سیستەمەکانیان جیاوازە لە سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو، چونکە توانای وەڵامدانەوە و تێرکردنی پێداویستییەکانی خەڵکیان نییە، وەک هەژاری، نەخۆشی، بێکاری، نەبوونی دڵنیایی کۆمەڵایەتی و جیاوازی و کەمی موچەی فەرمانبەران. (حامد ، ٢٠١٢، ٦١-٦٧).

٣ -لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا کەمینەی ئینتیکی تێدایە کە خۆیان بە زوڵملێکراو دەبینن و بەشدارنین لە بوارە جۆراو جۆرەکانی کارگێڕی گشتیدا، بەم شێوەیە ڕەنگە پەنا ببەن بۆ گەندەڵی، چونکە بەڕای ئەوان تاکە ڕێگایە بۆ بەدەتسهێنانی ئەو خزمەت گوزارییانەی کە پێویستیانە لە دەزگاکانی کارگێڕی گشتی. جگە لەوانەش لاوازی کۆمەڵگەی مەددەنی و پەراوێزخستنی ڕۆڵی

دامەزراوەکان لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا دەبێتە هۆی نەبوونی هێزێکی گرنگی هاوسەنگ لەو کۆمەڵگەیانەدا، کە دواتریش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و بەردەوام گەشەسەندنی. (حامد ، ٢٠١٢، ٦١-٦٧).

٤ -بوونی سامانێکی زۆر لای دەوڵەت وەک دامەزراوە و سەرچاوەی سروشتی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ڕێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت و پەرەسەندنی گەندەڵی. (هەمان سەرچاوە، ٦١-٦٧).

٥ -نزمی ئاستی وشیاری یاسایی تاکەکان بەگشتی، بەتایبەت لاوازی ئاستی هۆشیاری فەرمانبەران بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی. و هەروەها نەبوونی ئیرادەی سیاسی ڕاستەقینە یان توانای پێویست بۆ شەڕی گەندەڵی، چونکە هەرچەندە ڕەنگە زۆرینەی هێز و لایانە سیاسیەکان حەزیان بەوە هەیە گەندەڵی نەمێنی، بەڵام بەهۆی دابەشبوونی قازانجەکانی گەندەڵی بە ڕێژەی جیاواز بە سەر لایەناکان و خەڵکدا، ڕەنگە لێکەوتەکانی شەری گەندەڵی بە زیانی ئەوان بێت. (حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧).(شرۆڤە، ٢٠١٩، ٧٢-٧٥).

٦ -مۆدێل و دەستێوەردانی حزبایەتی یەکێکە لە هۆکارەکان، چونکە حزبەکان نەک تەنها لە ناو حکوومەت و پەرلەمان، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو دامەزراوانەش کاریگەری گەورەیان هەیە بەسەر بڕیارەکان و دەتوانن بڕیار و داهاتی گشتی بە ئاڕاستەیەک ببەن کە قازانجی خۆیانی تێدابێت، ئەم مۆدێلی حزبایەتیش دەبێتە بەربەست لە بەردەم گەشەی سروشتی دامەزراوە نشتیمانییەکان و سەربەخۆبوونیان. ئەمەش لەدەرەنجامدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی متمانەی خەڵک بە توانا و ئیرادەی دەوڵەت. (شرۆڤە، ٢٠١٩، ٧٤)، (حامد، ٢٠١٢، ٦٧).

٧ -نەبوون یان کەمی ترس لە سزادانی ئەوانەی گەندەڵی ئەنجامدەدەن، چونکە زۆربەی ئەو سزایانەی کە یاساکانی زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دایانڕشتوون، نابنە ڕێگری لە ئەنجامدانی گەندەڵی. ئەمە سەرەڕای لاوازی چاودێری و بەدواداچوونی حکومی هەر وەک لە خاڵەکانی پێشووتر باسی لێوە کرا، بۆیە سەختە سزای کەسێک بدرێت لەسەر ڕەفتارت خراپ، بەتایەت بەرپرسە گەورەکان. (حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧).

٨ -کاریگەرنەبوونی دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و نەبینینی ڕۆڵی دیار و بەرچاو دژ بە گەندەڵی، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی هەندێک جار ئەو ڕاگەیاندنانە سارد دەبنەوە لەو هەنگاوانە چونکە بەرامبەر بەو ماندووبوونە و ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵییە کەس سزانادرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت.(هەورامان، ٢٠١٣، ١٢٧).

### 3-1-2- جۆرەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دیاردەی گەندەڵی بە شێوەیەک تەشەنەی کردووە کە چووەتە ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان وەک سیاسی، ئابووری، کارگێڕی و یاسایی، بەم شێویەش دەتوانین جۆرەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو:

١ -گەندەڵی سیاسی: گەندەڵیی سیاسی، بە واتای کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی دابینکردنی ئامانجی ناڕەوای تاکەکەسی. واتە ئەگەر دەسەڵاتێک لە ئارادا نەبێت ئاسەوارێک لە گەندەڵی سیاسی نابینرێت. گەندەڵیی سیاسی بە ڕاددەی جیاواز لە هەموو جۆرە سیستەمەکاندا هەیە کە بە لایەنی سیاسییەوە دەبەستریێتەوە و،پەیوەندیی بە دروستبوونی دەستەبژێرێکی کۆمەڵایەتیی نوێوە هەیە، کە ئامرازی سەرەکییان دەوڵەمەندبوونی "سیاسییەکان"ە. گەندەڵیی سیاسی هەر سێ دەسەڵاتەکانی "یاسادانان"، "جێبەجێکردن" و "دادوەری"یش دەگرێتەوە. هەرێمی کوردستانیش ئەم جۆرەی هەیە، هەرچەندە هەرێمی دەستووری یاساییە بەپێی ماددەکانی (١١٧، ١١٨، ١١٩)، بەڵام لە واقعدا هەرێمێکی دەستووری و سیاسی و یەکگرتووی تەواو نییە، بەهۆی ساختە کردنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، جا چ لە سەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان یان هەڵبژاردنەکانی عێراق بێت، ئەمەش بووە بە کەلتوری لایەنە چەکدارەکان لە هەرێم و عێراقیش، بە جۆرێک گەندەڵی سیاسی بووەتە ڕێخۆشکەرێک بۆ گەندەڵییەکانی تر لە هەرێمی کوردستان و عێراق. جگە لەوەش شەڕی ناوەخۆ و لێکەوتە سیاسیەکانی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی دام و دەزگای نیشتیمانی و زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کە هەیە، لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەڵدەسوڕێن. (جونا و دڵخواز، ٢٠١٧) و ( جەلال، ٢٠٢٠)

٢ -گەندەڵی یاسایی: واتە داڕشتنی یاسا بە قازانجی ئەوانەی کە بەهێز و بەدەسەڵاتن و جێی بایەخی دەوڵەتن. هەر وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەبوو لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا، کە هەردوو ئیدارە (هەولێر و سلێمانی) کۆمەڵێک یاسا و بڕیاریان دەرکرد، کە زیاتر مۆرک و بەرژەوەندی حزبی پێوبوو. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە، کە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەرچووە، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر دام و دەزگاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دروست نەکرا. (هەمان سەرچاوە).

٣ -گەندەڵی ئابووری و دارایی: بریتییە لە ڕەفتارێکی نایاسایی، کە دەبێتە هۆی بەهەدەرچوونی سامانی گشتیی وڵات لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی کەسیدا. ئەم جۆرە گەندەڵییە، بە شێوەیەکی باو وەک ڕەوشتێکی کەسی و بەرژەوەندیخوازانە، لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێت کە نوێنەرایەتیی دەوڵەتیان لە ئەستۆدایە و خاوەن دەسەڵاتن و ئەو دەسەڵاتەیش بۆ بەرژەوەندیی

تایبەتی و کەسیی خۆیان بەکار دەهێنن. ئەم جۆرەی گەندەڵی ڕووبەرێکی پان و فراوان دەگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان، وەک قۆرخ کردنی پرۆژە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی، بازرگانی، گواستنەوە و گەیاندن، نەخۆشخانە و دەرمان و..هتد. هەروەها زیاتر لە یەک لەسەر سێی خەرجی دارای دامەزراوەکان زیادەیە و بەهەدەر دەچێ، چونکە بۆ ئامانجی حزبی و کەسی دروستکراوە. (جونا و دڵخواز، ٢٠١٧)، ( جەلال، ٢٠٢٠).

٤ –گەندەڵی کارگێڕی: ئامرازێکی ناڕەوایە بۆ دەستەبەرکردنی داوایەکی ناڕەوا لە سیستەمێکی کارگێڕیدا کە بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی دەوڵەت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا و پشتگوێخستنی بەرژەوەندیی گشتی، ئەنجامی دەدەن، هاوکات لەگەڵ ڕەچاونەکردنی فەرمان و بڕیار و ڕێکارە یاسابییەکان و بەها و بەڵێنە کارگێڕییەکان و ڕێزنەگرتن و کارپێنەکردنیان، کە دواجار دەبێتە هۆی مەترسییەکی گەورە لەسەر دامودەزگەکانی حکوومەت و پەکخستنیان لە کار و ئەرکە ڕاستەقینەکان. بەهەمان شێوە سیاسەتی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، گەندەڵی کارگێڕی بەرهەمهێناوە، چونکە دروست کردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندان لەسەر بنچینەی پێویستی نەبووە، بەڵکو بە حزب کردنی دام و دەزگاکانە. بەتایبەت لەو کاتەی هەرێمی کوردستان لەڕوو کارگێڕییەوە بەسەر دوو ئیدارەدا دابەش ببوو، لەژێر ڕوشنایی ئەو ئەزموونەدا دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئیدارییەکانیانەوە لاواز بوون. (هەمان سەرچاوە).

### 3-1-3- کاریگەری و لێکەوتەی گەندەڵی لەسەر هەرێمی کوردستان:

سەرباری هەبوونی یاسا و بڕیاری پێویست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، دیاردەکە زیاتر دەبێت وەک لەوەی بەرەو کەمبوونەوە بچێت. هەروەها دیاردەی گەندەڵی بەشێوەیەکی زەق بەرچاوە و هیچ کەس و لایەنێک نکۆڵی لێناکات، هەروەها هەڕەشەیە لەسەر هەموو کیانەکانی هەرێمی کوردستان. بە گشتی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان چەندین لێکەوتەی وەک سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست کردووە. لە ڕووی سیاسییەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری دروست کردووە لەسەر سیستەم و دۆخی سیاسی وڵات، چونکە لاواز بوونی دەسەڵات و دام و دەزگاکانی وڵات لە دەرەنجامی دیاردەی گەندەڵی بووەتە هۆی لاواز کردنی شەرعیەتی دەوڵەت و کەمی متمانە بە یاسا و دەسەڵات و ئەو پلانانەی کە باسیان لێوەدەکرێت و پچڕانی پەوەندی نێوان جەماوەر و دەسەڵات. جگە لەمانەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی نادادی و نەبوونی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان و ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم ناشەفافیەش دۆخێکی ناسەقامگیری هێناوەتە ئاراوە بەجۆرێک ناوبەناو هاوڵاتیانی هەرێم دژ بە دەسەڵات

سیاسی و دیاردەی گەندەڵی دەڕژێنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی دەردەبڕن. بە گشتی کاریگەری نەرێنی و پرسیاری جدی دروستکردووە بۆ سەر دۆخی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا. (گەیلان، ٢٠٢١، ٥٤) (هەورامان، ٢٠١٣، ١٢٩).

لە ڕووی ئابووریش گەندەڵی چەندین لێکەوتەی نەرێنی لەسەر دۆخ و گەشەی ئابووری بە جێهێشتووە، وەک خراپ بەکارهێنان و بەهەدەردانی وزە و توانا و سەرچاوەیی داهات و ئابووری نیشتیمانی، کورتهێنانی بودجەی گشتی وڵات، هەڵئاوسانی ئابووری و کەمبوونەوەی توانای بەرزکردنی ئاستی داهاتی نەتەوەیی و تاکەکان، ئەمەش واتا لاوازبوونی گەشەی ئابووری بەهۆی لاواز بوونی ئاستی گشتی خواست و خستنەڕو و...هتد. هەروەها دیاردەی گەندەڵی دۆخێکی ناسەقامگیر بۆ دۆخی ئابووریش دروست کردووە، چونکە ناو بەناو قەیرانی دارایی سەرهەڵدەدات، ئەمەش کاریگەری خراپی بۆ سەر سومعەی سیستەمی سیاسی و ئابووری هەرێم بەجێهێشتووە، بە تایبەت لەسەر ئاستی دەرەکی، چونکە نەبوونی سەقامگیری ئابوری بووەتە هۆی نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی و دروستبوونی کێبڕکێ لەگەڵ وەبەرهێنانی ناوەکی. (گەیلان، ٢٠١٣، ٥٧).

کەمبوونەوەی هەلی کار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکرایش کە یەکێکە لە لێکەوتەکانی تری دیاردەی گەندەڵی لەڕووی ئابوورییەوە، لێکەوتەی تری درووستکردووە لەڕووی کۆمەڵایتییەوە، وەک زیادبونی کێشە و تاوانە جۆراوجۆرەکان و دروست بوونی لێکترازان و ناکۆکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا (واتە ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی)، و تەشەسەندنی نائومێدی، نەمانی هەستی بەرپرسیارێتی و ئینتیما بۆ نیشتیمان و ڕێگا خۆشکردن بۆ دروست بوونەوەی دیاردەی کۆچکردن و...هتد. (هەورامان، ٢٠١٣، ١٣٠) و ( ٢٠٢١، ٥٨) .

## 3-2- ڕەوشی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان: دەرفەت و بەربەستەکان

### 3-2-1- هۆکار و پاڵنەرەکانی چاکسازی

هەرێمی کوردستان لە ماوەی سی و دوو ساڵی ئەزموونی حوکمڕانی، هەمیشە پێویستی بە نوێبوونەوە هەبووە، یەکێک لە ڕێگەکانی نێبوونەوەش ئەنجامدانی چاکسازییە، کەواتە خودی پەنابردنە بەر چاکسازی چەندی پاڵنەری لە پشتە کە چاکسازی کردۆتە پێویستییەکی جدی بۆ هەرێمی کوردستان، دەکرێ پاڵنەرەکان لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە (باس نیوز، ٢٠٢١) (گەلی کوردستان،٢٠٢٢):

1- داواکاری جەماوەری، کە هەمیشە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ناوەندەکانەوە داوای چاکسازی بەردەوام دەکات، هەمیشە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە چاکسازی پێویستە بۆ ئەوەی دەسەڵات و خەڵک زیاتر لە یەک نزیک بکرێتەوە.

2- داواکاری هێزە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت ئەوانەی بەشێوەیەکی فەرمی لە عێراق و هەرێمی کوردستانن، ئەم دەوڵەت و هێزانە لە هەموو دانیشتنە فەرمی و نافەرمییەکان داوای ئەنجامدانی چاکسازیان کردووە، تەنانەت بەشێک لەو هێزانە گەیاندنی هاوکاری بە هەرێمی کوردستان و پشتگیری کردنی بەستۆتەوە بە ئەنجامدانی چاکسازی، بۆیە هەرێمی کوردستان لەم رووەوە جۆرێک لە ناچاری پێوە دیاردەبێت.

3- نوێکاری لە بەرێوەبردنی دامەزراوەکان، بەشێوەیەک کەوا هێنانی شێوازی سەردەمیانە و کارکردن بە میتۆدە هاوچەرخەکانی حوکمرانی، پێویستی بە چاکسازییە بۆ ئەوەی لە لێکەوتەکانی فۆرمی کلاسیکی دووربکەوێتەوە. بە تایبەت لە ئێستادا ئاراستەیەکی جیهانی هەیە بۆ نوێکردنەوەی کایەی حوکمرانی.

4- فشاری رای گشتی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بە تایبەت لەرووی دەرخستنی کەم و کورییەکان و زەق کردنەوەیان.

5- قەیرانی دارایی گەورەترین پاڵنەری ئەنجامدانی چاکسازییە، بەشێوەیەک کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی چاکسازی بە یەکێک لە کاراترین رێگە چارەکانی دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری دەبینێت.

6- فشار و گوشارەکانی بەغدا، بە تایبەت لەرووی تاوانبارکردنی حکومەتی هەرێم لە پرسی نەوت و بابەتە داراییەکان بەشێوەیەکی گشتی .

### 3-2-2- **هەنگاوە سیاسی و یاساییەکانی چاکسازی**

### 3-2-2-1- **بەرنامەی کابینە نۆیەم بۆ چاکسازی:**

هەر وەک لە بەشەکانی پێشوو ئاماژە کراوە بەوەی کە حکوومەت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) بە تایبەتی لە سیستەمی پەرلەمانیدا بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردن و دارشتنی پلانی سیاسیەتی گشتی سیستەمی سیاسی و هێزی شەرعی پێویستیشی لەبەردەستە، و چاکسازیش یەکێکە لەو هەنگاو و پلانەی کە حکوومەت دەیگرێتە بەر لە پێناو بەرەوپێشبردنی سیستەمی سیاسی وڵات، بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیش کابینەکانی حکوومەت لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ چەندین پرۆژە یاسای تایبەت بە چاکسازی دارشتووە، چونکە لەو ساڵە بە دواوە ئەزموونی حوکمرانی و پەرلەمانی وەچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی بەهۆی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی شەرعی و

ڕاستەقینە، ئەمەش دەسەڵاتی جوڵاند بۆ هەبوونی خواست و پلانێکی سەرەکی بۆ خۆی وەک پەرچەکردارێک بۆ ئۆپۆزسیۆن، بەم شێوەیەش چەندین پرۆژە یاسا لەو کاتەوە تا ئێستا پێکەشکراون لە لایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە دەرەوە و ناوەوەی پەرلەمان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەددەنی، و خودی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و پارتە دەسەڵاتدارەکانیش. (یاسین، ٢٠٢٢، ٨٦).

لە ماوەی دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەم، چەندین هەنگاوی یاسایی و سیاسی نراون بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە زۆربەی بوارەکاندا، بەڵام پێش ئاماژەدان بەو هەنگاوانە جەخت دەکەینە سەر پێکهاتەی کابینەی نۆیەم .

لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٨، لە وادەی دیاریکراودا، بەڕێز مەسروور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لیستی پێکهاتەی کابینە پێشنیارکراوەکەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی لە پێش کۆتایی وادەی یاسایی دیارکراودا دەنگدان لەسەر کاندیدەکان بکرێ، لە دەرەنجامدا و لە دوای ١٠ مانگ لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆ و دانوستاندنی نێوان لایەنە سیاسییەکان، و لە خاڵی یەکەمی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن دواجار کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسروور بارزانی لە ڕۆژی چوارشەمەی ١٠ی ٧(تەمموز)ی ٢٠١٩ز بە ئامادەبوونی سەرجەم وەزیرە پێشنیازکراوەکان لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئامادە بوون و بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران، کە ٨٨ دەنگ بوو، وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەم، متمانەی پێ بەخشرا. دواتریش سەرۆکی پەرلەمان، قوباد جەلال تاڵەبانی، وەک جێگری سەرۆک وەزیران خستە دەنگدانەوە و بە دەنگی ٧٣ پەرلەمانتار، وەک جێگری سەرۆک وەزیران متمانەی پێدرا. هەر لەو دانیشتنە تایبەتەدا سوێندخواردنی بەڕێز سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی وەزاریی نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەپێی مادەی (٦)ی لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بەڕێوەچوو. (پەرلەمان)

لە خاڵی سێیەم و کۆتایی دانیشتەنەکەشدا جەخت کرا سەر خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی وەزاریی نۆیەم لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە ئاماژەی بە چەند شتێکدا بەتایبەت سەبارەت بە چاکسازی هەر وەک ڕایگەیاند و وتی: "کاری سەرەکیی ئێمە نەهێشتنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیرە لەسەرجەم سێکتەرەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتییانی خەڵکی کوردستانە، هەروەها کاری لەپێشینەمان بوژاندنەوەی

زیاتری ئابوورییە لەکاتێکدا بەقەرزێکی زۆرو کەڵەکەبووی کابینەی رابردووە و ئەم کابینە تازەیە دەستبەکارەکانی دەکات کە بەهۆی نەناردنی بودجەی گشتی لەبەغداوە دروستبووە". (پەرلەمان).
کەواتە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا هاتووە کە دەیەوێت چاکسازی بکات لە زۆربەی بوارەکان هەر وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کارنامەکەیدا ئاماژەی بەوەیدا کە لەهەموو سێکتەرەکان چاکسازی دەکات. هەروەها لە ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانیشدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات لە چەندین بواری جۆراو جۆر پرۆسەی چاکسازی ئەنجام بدات، وەک بواری سیاسی، ئابووری و دارایی(بازرگانی)، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی(پەروردە و تەندروستی). بەگشتی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکە لەسەر چەند ئاستێکە کە بریتین لە مانە ( نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ٣١١-٣٢١):

١ -لە ئاستی چاکسازی.

٢ -لە ئاستی خزمەتگوزاری.

٣ -لەسەر ئاستی پەیوەندینێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکموەتی عێراقی فیدڕاڵ.٣١٧

٤ -ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان.

٥ -پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

٦ -لە ئاستی ئابووری و دارایی.

٧ -لە ئاستی کارگێڕی.

لەژێر رۆشنایی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی پلانە ئامادەکراوەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بە پوختی ئەو هۆکار و پەڵنەرانە دەخەینەڕوو کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم کابینەیە هەنگاو بنێت ۆ ئەنجامدانی چاکسازی، گرنگتیرن لەو هۆکارانە بریتین لە مانەی خوارەوە:

١ -کاراکردن و پشتیوانیکردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، و کارکردن بە شەفافی. (هەمان سەرچاوە، ٢٧).

٢ -بەهێز کردنی ژێەخانی ئابووری، زیادکردنی داهاتی ناوەخۆ و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەرهەمهێن کردنی کۆمەڵگای کوردستان. (هەمان سەرچاوە، ٩ – ١١) .

٣ -بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی کوردستان و کردنی بە کۆمەڵگایەکی گەشەسەندوو و تەندروست. (هەمان سەرچاوە، ١١).

٤ -باشترکردنی میکانیزمی کارکردن و زیادکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان و فەرمانگەکان. (هەمان سەرچاوە، ل١٠).

٥ –بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. (هەمان سەرچاوە، ٣١٧ – ٣١٩).

### 3-2-2-2-هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان:

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە و بە پشتبەستن بە کارنامە چاکسازییەکەی، هەوڵی داوە بە شێوەیەکی شایستە خزمەتی گشت هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بکات و بە جدی رووبەرووی گەندەڵی ببێتەوە. ئەگەرچی کابینەی نۆیەم هاتە سەر قەرز و پابەندییەکی دارایی گەورەوە، بەلام کارکردن بە شەفافی و دواتریش پێداگیریی و خواست و ویستی بەهێزی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، حکومەت توانی هەنگاوی جدی بنێت لە ڕووی ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، هەروەها ناردنی پرۆژەیاسای جۆراوجۆری وەک پرۆژەیاسای چاکسازی بۆ پەرلەمانی کوردستان. (هەمان سەرچاوە، ٩).

هەروەها بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە گوتارێکیدا بە بۆنەی تێپەربوونی سەد ڕۆژ بە سەر دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٧-١٢-٢٠١٩، ڕایگەیاند کە یەکەم برگەی بەرنامەی کارەکەیان کە لە پەرلەماندا پێشکەشی کرد، پەیوەست بوو بە چاکسازی بۆ باشتر و خێراتر خزمەتکردنی هاولاتیان، داوای لە هەموو وەزارەتەکان کردووە کە بیرۆکراسی کەم بکرێتەوە و پلانی چوار ساڵەی خۆیان بۆ چاکسازیکردن ئامادە بکەن. دەستییان بە ئەلکترۆنیکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی گشتی کردووە. خەریکین داتاسەنتەرێک، واتا ناوەندێکی زانیاری بۆ حکومەت دادەمەزرێنین کە ئەم ناوەندە بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی، خزمەتگوزاری گشتی پێشکەشی هاولاتیان و خاوەنکاران دەکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستیان بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان بگات. بۆ نموونە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چەندین دەروازەی سنوورییان بە یەکەوە بەستووە، ئەمەش ئاسانکارییەکی باشی کردووە لە بواری کۆکردنەوەی گومرگ و هەروەها گەشەکردنی بزاڤی بازرگانی ، هەروەها بووەتە هۆی باشتربوونی کوالێتی کۆنترۆل. جیا لە بە ئەلیکترۆنیکردن، هەوڵیان داوە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لەناوەندی پارێزگاکان کۆ نەکرێنەوە بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی خەڵک بێت لە سەنتەری شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی پاسپۆرت دەربهێنێت یان نوێی بکاتەوە. ئێستا چەند بنکەیەکی پاسپۆرت لە چەند شارۆچکەیەکی وەک کۆیە و سۆران و زاخۆ کراونەتەوە و هی تریش دەکرێنەوە. بەم شێوەیەش کات و سامانی هاولاتیان بە فیرۆ ناچێت و قەڵەباڵغی و جەنجاڵی لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکان کەم دەکرێتەوە. هەروەها لە

بابەتی دەوامکردنی فەرمانبەرانیش گۆڕانکارییان ئەنجام داوە، ئەمەش وای کردووە فەرمانبەرانی حکومەت باشتر لە جاران پابەند بن بە کاتژمێرەکانی کارکردنیان و بەو جۆرەش رایی کردنی مامەڵە و کاروباری هاوڵاتیان خێراتر و کاریگەرتر بووە. (هەمان سەرچاوە، ٣٣٤ - ٣٣٥).

### 3-2-3- بەرنامەی پەرلەمان بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان:

بە سەیرکردنی پڕۆژە یاسا و بڕیارەکانی هەموو خولەکانی پەرلەمان سەبارەت بە بەرنامەییان بۆ چاکسازی، دەبینین کە تەنها لە خولی پێنجەم لەساڵی ٢٠١٨دا بڕیارێکیان دەکرد سەبارەت چاکاسازی ئەویش (بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ بڕیاری گێڕانەوەی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە ودەرماڵە وبەخشین وئیمتیازاتەکانی تر لەهەرێمی کوردستان-عێراق)، دواتر وەک پڕۆژە یاسایەک بوو لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ ، دواتریش لە ساڵی ٢٠٢٠ پڕۆژە یاسایەکە کرا بە یاسا و کاری پێکرا لە لایەن کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. (سایتی پەرلەمان).

#### 1-3-2-3- یاسای چاکسازی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٢٠:

یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ١٦-١-٢٠٢٠ پەسەندکرا، ئەم یاسایە لەپێناو ئەنجامدانی چاکسازی بوو لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی، بۆ نموونە بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکەمی یاساکە بریتییە (لە بەرجەستە کردنی بنەماکانی دادپەروەری و شایستە بوون لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، و نەهێشتنی سوودمەندبوونی نا شایاستە و ڕیگرتن لە بەهەدەردانی بوودجەی گشتی). یاساکە لە هەشت بەش و ١٩ مادده پێک دێت. هەر وەک لە کوتایی یاساکەش ئاماژە بەوە کراوە کە هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ:

-ڕێکخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لە سەرجەم بوارەکانی (شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ).

-ڕێکخستنەوەی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی.

-بەرپاکردنی دادپەروەری و یەکاسانی لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتییەکان.

-ڕێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەزا و نایاسایی لە تەرخانکراوەکانی بودجەی گشتی.

### 3-2-4- بەربەستەکانی بەردەم چاکسازی لە هەرێمی کوردستان

چاکسازی لە هەر شوێنێک بکرێت، جگە لەوەی پاڵپشتیەکی جەماوەری هەیە، لە هەمان کات رووبەروی چەندین ئاستەنگیش دەبێتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە لەلایەن ئەو هێز و لایەنانەی زەرەرمەند دەبن لە چاکسازی، یان ئەوانەی لە پرسی گەندەڵیدا تێوەگلاون، بۆیە بەقەدەر ئیرادەی ئەنجامدانی چاکسازی، رێگری و بەربەستی بۆ دروست دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی خواستێکی زۆر بۆ چاکسازی هەیە، لە هەمان کاتدا، چەندین بەربەست لەبەردەم ئەم پرۆسەیە هەیە، کە بەشێک لە بەربەستەکان سیاسین و بەشێکی ئابووریە و بەشێکیشی یاساییە (هۆگر، ٢٠٢٣، ١٥٢).

### 3-2-4-1- بەربەستی سیاسی :

گەورەترین بەربەست لەبەردەم چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەربەستی سیاسییە، بەتایبەت لەلایەن ئەو پارتە سیاسییانەی زەرەرمەندن لە چاکسازی، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی نەشاردۆتەوە کە بەشێک لە پارتە سیاسییەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە دەسەڵاتن و دژی حکومەت دەجولێنەوە، تەگەر لەبەردەم چاکسازی دروست دەکەن و ئاستەنگی گەورەیان بۆ دروست کردووە. (باس نیوز،٢٠٢٢).

لە رووی سیاسییەوە دوو جۆر ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پرۆسەیە، ئاستەنگی یەکەم لەلایەن ئەو هێزانەیە کە پێکهێنەری حکومەتن و نایانەوێ چاکسازی بکرێت، ئەمە خۆی بەربەستی زۆر گەورە دروست دەکات، ئاستەنگی دووەم لەلایەن هێزەکانی دەرەوەی حکومەتە کە رای گشتی بە ئاراستەی پێچەوانەی چاکسازیی هاندەدەن و ئەو بۆچوونە بڵاودەکەنەوە کە ئیرادەی چاکسازی و شێوازی چاکسازییەکە تەواو نییە.

### 3-2-4-2- بەربەستی ئابووری:

بەشی زۆری ئەو چاکسازییانەی لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر کراوە لەسەردەمی کابینەی نۆیەم، چاکسازی بووە لە سێکتەرە ئابووریەکان، بەتایبەت لەرووی چۆنیەتی رێکخستنەوەی خەرجی و داهات، هەروەها بەشێکی زۆریشی بۆ رێکخستنەوەی پرسی موچەی موچەخۆران بووە. (چاکسازی کابینەی نۆیەم، ٢٠٢١).

لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان بە قەیرانی ئابووری درێژخایەن تێپەری بوو کە بەشێکی پەیوەست بوو بە کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بۆیە لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە و ئاسەوارەکانی بونە بەربەستی ئابووری لەبەردەم چاکسازی، لەم روانگەیەوە، کاتێک دۆخی هاوڵاتیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دۆخێکی ناهەمواردابێت، ئاسان نابێت کە دەست بۆ لیستی موچەخۆران ببرێت،

له لایەکی دیکە، توانا ئابووریەکانی هەرێم سنوردارەو لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە فشاری ئابووری زۆری لەسەر، بۆیە فشارە ئابووریەکانی حکومەتی ناوەند بە تایبەت لەبواری شایستە داراییەکان و پرسی نەوت و گاز، بوونە یەکێک لە گەوەترین بەربەستە ئابووریەکانی بەردەم چاکسازی لە هەرێمی کوردستان.

3-2-4-3- **بەربەستی یاسایی**:

هەرچەندە چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان هەمیشە بابەتێکی گەرم بووە، بەڵام یاسای چاکسازی لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان کرا، کە بەشێکی زۆری دانیشتنەکانی تایبەت بەم بابەتە گرژی و ناکۆکی زۆری لێ کەوتەو، بەشێوەیەک کە ئاستەنگی یاسایی زۆری بۆ دروست کرا (پرۆتۆکۆلی پەرلەمان، خولی پێنجەم)، ئەمەش بە یەکەمین ئاستەنگ لەبەردەم ئیرادەی چاکسازی دادەنرێت. هەروەها لەلایەکی دیکەوە، یاسای چاکسازی تەنها لە بوارێکی کەمدا چاکسازی دەکات، کە رێکخستنەوەی موچەیە، بەڵام سێکتەرەکانی دیکەش پێویستیان بە چاکسازییە، بۆیە کاتێک حکومەت دەیەوێ بە دەرکردنی بریار و رێنمایی تایبەت چاکسازی لە سێکتەرێک بکات، رووبەرووی دەقە یاساییەکان دەبێتەوە، کە یاسا لەسەرووی بریار و رینماییەکانەوە.

## دەرەنجام

دەرەنجامی توێژینەوەکە گەیشت بەوەی کە ململانێ سیاسییەکان کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان جا چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت لە هەموو کابینەکان، کە تەنانەت لە کابینە سەرەتاییەکان هیچ پرۆژە یاسایەک نەبووە سەبارەت بە چاکسازی. هۆکاری جۆراو جۆر هەن کە وای کردووە پرۆژەی چاکسازی لە هەرێم بە شێوەیەکی هێواش هەنگاو بنێت، هەروەها لێکەوتەی ململانێکانیش لە هەموو سێکتەرەکان ڕەنگی داوەتەوە و دواتر کاریگەرییان خستۆتە سەر پرۆژەی چاکسازی. بە گشتی بۆ خستنەڕووی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بە وردی، دەتوانین بە چەندخاڵێک ئاماژە بە دەرەنجامەکان بکەین:

١ -ئەو ملانێیانەی کە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بەهۆی ئەدای کارکردنییان بە تایبەت بەرنامەی حزبەکان و ئۆپۆزسیۆن کاریگەری خراپ درووست کردووە لەسەر پرۆژەی چاکسازی لە هەرێم، بەڵام سەرەڕای ئەو کاریگەری و لێکەوتە خراپانە، کابینەی نۆیەم توانیویەتی پرۆسەکە تا ڕادایەکی باش ئەنجام بدات.

٢ -ململانێی نێوان لایەنەکان سروشتێکی قۆرخکاری دەسەڵاتییان هەیە، واتە زۆربەی حزبەکانی سەر دەسەڵات و ئەو حزبانەشی کە لە ئۆپۆزسیۆنن زیاتر کار بۆ قۆرخ کردن و مانەوە لە دەسەڵات دەکەن، وەک لەوەی زیاتر کار بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆژەی چاکسازی بکەن، هەر وەک هۆکاری شەڕی ناوەخۆیی لە پێناو مانەوە بوو لە دەسەڵات، کە دوو ئیدارەیی یان دوو زۆنی لێ درووستبوو .

٣ -بە گشتی هۆکارەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ داواکاری جەماوەر و خەڵک و هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ نوێبوونەوە و بەرەو پێشبردنی هەرێم، هەروەها فشاری ڕای گشتی و بەغداش لەو پاڵنەرانەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە پێناو چارەسەر کردنی پرسە ئابووری و داراییەکان، چونکە کابینەی نۆیەم ئەنجامدانی چاکسازی بە یەکێک لە باشترین و کاراترین ڕێگا دادەنێت بۆ نەهێشتنی قەیرانە ئابووری و داراییەکان.

٤ -هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم، بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر بە شێوەی یاسایی بووە، واتە پرۆژەی چاکسازی لە هەرێم زەمینەیەکی یاسایی هەیە و لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا بووە لە پەرلەمان، بەڵام هەنگاوەکان و ئامانجەکان لە پێناوە باشتر کردنی هەموو سێکتەرەکانی ژیان کردنە لە هەرێمی کوردستان.

٥ -هەموو لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازین لە هەرێمی کوردستان لە پێناو پێشخستنی سەرجەم بوارەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و هەبوونی حوکمڕانییەکی تەندروست و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و بەهێز کردنەوەی ئینتیمای نیشتیمانی و کەم کردنەوەی دەسێوەردانی دەرەکی.

٦- کابینەی نۆیەم توانیویەتی کار و بەرنامەکانی ئەنجامبدات سەرەڕای ئەو بەربەستی سیاسی و ئابووری و یاساییانەی کە هەن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان


1. جندیانی، هەڵگورد عبدالوهاب، 2019، دەروازەیەک بۆ بوژانەوەو چاکسازی نەرم لە هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر.
2. جەوهەر، ئاشور یاسن، 2022، پرسی ریفۆرمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان (2009-2018)، گۆڤاری زانکۆ گەرمیان، ژمارە 9، وەرزی 2، 81-104
3. کاوانی، محمد، 2020، پێکهاتەی سیاسی و چاکسازی، ماڵپەری زەمەن، ڕێکەوتی سەردانی 2022/10/28، لەم لینکە بەردەستە: https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=2694
4. هیود، ئەندرۆ، 2007، تیۆری سیاسی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
5. ئەلناسر، ناسر عوبێد، 2005، دیاردەی گەندەڵی نزیکبوونەوەی سۆسیۆلۆجی-ئابووری، وەرگێرانی: سەلاح شاکەلی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
6. ڕێبوار سیوەیلی، سیاسەت و قەیران، بەرگی یەکەم، ٢٠١٣.
7. هاورێ حەسەن، فەرهاد حەسەن، سروشتی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ٢٠٢٠،١٠٠ ، ٦.
8. بارزان جەوهەر، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.
9. هۆگر ئیبراهیم حەکیم، لامەرکەزیەتی هەرێمی کوردستان: لە کوێوە بەرەو کوێ، چاپی یەکەم، هەولێر 2023.
10. محمد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.
11. فوئاد سدیق، قەیران و کۆمەڵگا و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.
12. ئەکرەم میهرداد، شکستی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، نوچە نێت، شکستی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان(nuche.net) .
13. ئۆپۆزسیۆنی نوێ گیرۆدەی پەرتەوزەیی و بێ پتمانەیین، پەیسەر، ئۆپۆزسیۆنی نوێ گیرۆدەی پەرتەوازەیی و بێ متمانەیین(peyserpress.com) .
14. هەندرێن شێخ راغب، چاکسازی، روانگەی پەی، چاکسازی – روانگەی پەی (payinstitute.org).

15. عەدنان مەجید محمد، فرەحزبی: چارەسەر، یان بەشێک لە قەیران لە هەرێمی کوردستان، پێنووس، فرەحزبی: چارەسەر، یان بەشێک لە قەیران لە هەرێمی کوردستان(penus.krd) .
16. عەدنان مەجید محمد، ڕای گشتی یان ڕای حزب؟، پێنووس، ڕای گشتی، یان ڕای حزب؟(penus.krd) .
17. یەحیا بەرزنجی، هەلەو واشنتن: چارەنوسی پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، هەلەو واشنتن: چارەنوسی پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی (dengiamerika.com).
18. ئاسۆ ئیبراهیم عەبدولا، شۆخان محمد حوسێن، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ ململانێی سیاسی لە هزری کۆمەڵیاتیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢١.
19. مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
20. یوسف گۆران، ئومێد ڕەفیق، عابد خالد، هەردی مەهدی، یاسین طه، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٣، ٢٠٢٠.
21. یوسف گۆران، ئومێد ڕەفیق، عابد خالد، هەردی مەهدی، یاسین طه، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٧، ٢٠٢٠.
22. یاسین ساڵح، حزب و بەربەستەکانی بونیادی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان، شرۆڤە، ٣١، ٢٠٢٠.
23. بارزان جەوهەر، حوکمداری لە قەیراندا، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
24. توانا ئەحمەد خەیات، گەندەڵی چییە؟، خەندان، گەندەڵی چییە ؟(xendan.org) .
25. سەرۆ قادر، واقعی کوردستان و کردەوەی چاکسازی، بەرگی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٨.
26. هێمن نامیق جەمیل، ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی سێ، ژمارە ٢، ٢٠٢٠.
27. هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان، شرۆڤە، ٢٩، ٢٠١٩.
28. بەڵێن ئیسماعیل، گەندەڵی و چاکسازی، ڕوانگەی پەی، گەندەڵی و چاکسازی – ڕوانگەی پەی(payinstitute.org) .

29. گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆران، ٢٠٢١.
30. حامد حاجی قادر، گەندەڵی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
31. هەورامان عەلی تۆفیق، پرس و چەمکەکانی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
32. جونا سوبحی، دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێنووس، دیاردەی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق: خوێندنەوەیەک بۆ چەمک و رەهەندەکانی(penus.krd) .
33. جەلال جەوهەر، ململانێی زلهێزەکان و مەترسی و لێکەوتەکانی لەسەر کوردستانی عێراق، زەمەن، ململانێی زلهێزەکان و مەترسی و لێکەوتەکانی لەسەر کوردستانی عێراق(zamenpress.com) .
34. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوسینەگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوتی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

35. حسن، حنان عبدالله، مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية، جامعة بغداد، العدد 95، المجلد 23، 240-254.
36. السيد، محمود محمد، 2011, مفهوم الاصلاح السياسي، الحوار المتدمن، تاريخ الزيارة 2022/11/25، الرابط: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=284594
37. شمام، عبد الوهاب. (2002). الشروط الاجتماعية لنجاح الإصلاحات الاقتصادية .*مجلة العلوم الإنسانية*
38. عزيز، ابراهيم محمد، 2010، اشكالية الاصلاح السياسي في الشرق الاوسط، مطبعة روون، السليمانية.
39. الكيالي، عبدالوهاب، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للترجة و النشر، بيروت.

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:


40. Caiden, G. (1968). “Administrative Reform,” International Review of Administrative Sciences, vol. 34, no. 4, pp. 347-354.
41. James Iain Gow, Emeritus professor,2022, ADMINISTRATIVE REFORM, ENCYCLOPEDIC DICTIONARY OF PUBLIC ADMINISTRATION.